
# یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی مەولەویناسی

لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ماڵپەری مەولەوی ئەنجام دەدرێت



لە ڕۆژانی ١١-١٢/١٢/٢٠٢٤
بەڕێوەدەچێت
بە سپۆنسەری

سەید ناصر تاوگۆزی

حاجی طاهر سەرگەتی

# پێشەکی

## سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفرانس

کاتێـک سـەیری کـۆی پوختەی ئـەو چـل و پێنـج توێژینەوەیـە و پاشـان ناوەڕۆکی سـەرجەم توێژینـەوەکان دەکەیت، کـە لەم کۆنفرانسـەدا لەبـارەی مەولەوییەوە پێشـکەش دەکرێن، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسـە کارێکی زۆر پێویسـت و بەجـێ بـوو، بۆ ئـەوەی مەولـەوی لە کـۆی ڕەهەندەکانـی بوون و کەسـێتییەکەیدا بناسرێت و ئەو تێڕوانینە باوەی پێشـتر تێپەڕێنین، کە لە ڕۆشنبیری و ڕەخنـەی ئەدەبیـی ئێمـەدا بەرامبەر مەولـەوی هەبـوو و تەنها وەک شـاعیرێک ناسـرابوو، کـە شـیعرەکانی تژین لـە داهێنان و وێنـەی هونەریی جوان و بە کێشـی خۆماڵـی نوسـراون و زمانێکـی پـاراوی کوردیـی بەکارهێنـاوە، ئەمانـە هەموویان پێکـەوە مەولـەوی دەکەن بـە شـاعیرێکی پایەبـەرز و داهێنـەری سـەردەمەکەی خۆی، بـەڵام بابەتەکە تەنها لێرەدا ناوەسـتێت و لـە توێژینەوەکانـەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێـت لە پاڵ شـاعیرێتییەکەیدا زانایەکـی پایەبەرزی سـەردەمەکەی خۆی بـووە لە بوارەکانی عەقیدەو کەلام و سـەرجەم زانسـتە ئاینییەکانـدا، بە زمانەکانی عەرەبـی و فارسـیش بەرهەمـی نوسـیوەو ئەمـەش دەیـکات بـە زمانزانێکـی بە توانـا، جگە لەوەی سـۆفییەکی دڵسـۆز و پابەندی خانەقـای بیارە بووە، لە سـەروو هەمـوو ئەمانەشـەوە نامەکانی بۆ کەسـایەتییە ئاینـی و کۆمەڵایەتییـە جیاجیاکان دەرخـەری ئـەوەن پەیوەندیـی کۆمەڵایەتیـی بەرفـراوان و پتەویشـی هەبـووە. هەمـوو ئەمانە کەسـێتییە واقیعی و ڕاسـتەقینەکەی مەولەویمان بـۆ دەردەخەن و دەگەینـە ئـەوەی مەولەوی تەنها شـاعیرێکی داهێنـەر نەبووە، بەڵکـو زمانزان و زانایەکی ئاینی و سـۆفییەکی ڕاسـتەقینەو کەسـایەتییەکی کۆمەڵایەتـی پایەبەرزی سـەردەمەکەی خـۆی بووە.

**پ. د. محمد تاتانی**

سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفرانس

# پێشەکی

## سەرۆکی لیژنەی زانستیی کۆنفرانس

زاناو شاعیری گەورەی کورد سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی تاوگۆزی و ناسین و ناساندنی ئەم ئەستێرە دەرەوشاوەیەی ئاسمانی زانست و ئەدەبی کوردەواری بە خۆمان و بە دونیای نزیک و دوور، ئەو ئەرکە قورسەیە کە لە گەڵ هاوڕێکانم لە ماڵپەڕی مەولەوی (www.mawlawi.krd) دەستمان داوەتێ و بەو ئومێدەین لەو ئاستەدا بین. ئەمڕۆ زیاد لە سێ ساڵە دەستمان بە کارکردن کردووە و خۆشبەختانە ئەرشیفێکی باش و دەوڵەمەندمان لە دەستنووس و هەموو ئەو چاپکراو و دەنگ و ڕەنگانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە خزمەت مەولەویناسییدایە کۆکردۆتەوە و زۆرینەیشیمان بە ئەلەکترۆنی کردووە و لە ماڵپەڕەکەدا بۆ خزمەتی لێکۆڵەرانی مەولەویناسی دامانناوە، بەو ئومێدەی هەروەک چۆن توێژەر و مەولەویناسان لەم کۆنفرانسەدا لە ناوخۆ و لە دونیای نزیک و دووردا ویستبێتیان دەستیان بە زانیارییەکان گەیشتووە، لە داهاتویشدا بەهەمان شێواز دەرگا بۆ توێژەران والایە.

لە بەرواری (١/٣/٢٠٢٣) بە نوسراوێک پێشنیازی ئەم کۆنفرانسەمان (یەکەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی مەولەویناسی) پێشکەش بە بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر کۆسار محەمەد عەلی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی کرد و بە سوپاسەوە و ڕاستەوخۆ پێشنیازەکەیان پەسەند کرد و کۆنفرانسەکەیان لە ئەستۆگرت. بۆیە سەرباری سوپاسی بەڕێزیان سوپاسی ستافی سەرۆکایەتی و هەموو لیژنە زانستی و ئامادەکاری و کارگێڕییەکانی کۆنفرانس بەگشتی دەکەین، جا لە خودی زانکۆی سلێمانی بن یان ئەو بەڕێزانای دیکە لە زانکۆ و ناوەندەکانی دیکەی ناو هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەروەک نابێت سوپاسگوزاریمان بۆ مەولەویناسانی بە ئەزموونی لیژنەی ڕاوێژکاریی کۆنفرانس لە یاد بکەین.

سوپاس بۆ ماندو بوونی هەمووان خوای گەورە پشت و پەناتان بێت بەرەو کۆنفرانسێکی سەرکەوتوو.

**ئەندازیار**

**عادل لەتیف مەولەوی**

خاوەن ئیمتیازی ماڵپەڕی مەولەوی

# پرۆگرامی کۆنفرانس

# ڕۆژی یەکەم

**چوارشەممە ١١ / ١٢/ ٢٠٢٤**

## یەکەم: مەراسیمی کردنەوەی کۆنفرانس

**شوێن: سەرۆکایەتی زانکۆ | هۆڵی کۆنگرێس | کات : ١٠:٠٠ - ١١:١٠**

- کردنەوەی کۆنفرانس بە سرودی ئەی ڕەقیب و وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان
- چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز لە لایەن ( مامۆستا محەمەد شێخ مادح موفتی )
- وتاری بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر کۆسار محەمەد عەلی موراد سەرۆکی زانکۆی سلێمانی
- وتاری بەڕێز ئەندازیار عادل لەتیف مەولەوی خاوەنی ئیمتیازی ماڵپەڕی مەولەوی
- وتاری بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر محمد تاتانی سەرۆکی لیژنەی زانستی کۆنفرانس
- چەن پارچە شێعری مەولەوی کورد بەشێوەی مەقام و بەستە. لە لایەن هونەرمەند شەهرام مەنسووری و هونەرمەند ڕێبەر دڵشاد لە گەڵ گرووپی مۆسیقای ئاران (١٠ خولەك)
- کینۆتەکان:

١- کینۆتی یەکەم : بەڕێز مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی ( ١٠ خولەك )

٢- کینۆتی دووەم: بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر عبدالرحمن ئاداك (١٠خولەك)

- نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەم و وێستگەکانی ژیانی مەولەوی کە هاما گروپ بەرهەمیان هێناوە بەشی یەکەم (١٠ خولەك )
- چەن پارچە شێعری مەولەوی کورد بەشێوەی مەقام و بەستە. لە لایەن هونەرمەند شەهرام مەنسووری و هونەرمەند ڕێبەر دڵشاد لە گەڵ گرووپی مۆسیقای ئاران (١٠ خولەك)
- پێشکەشکردنی قەڵغانی ڕێزلێنان

## دووەم: پانێڵەکانی کۆنفرانس

### پانێڵی یەکەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ١٠ :١١ . ١٠ :١٢**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (د. یاسین تەها محەمەد) ناوەندی کوردستان**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | زن در چشم و جان مولوي | د. جەلال جەلالیزادە |
| ٢ | پڕاگمازمانیی چەمکی ژن لە شیعرەکانی مەولەویدا | پ. د. شیلان عمر حسين |
| ٣ | ئیستێتیکای شیعرێکی مەولەوی لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە | د. لهۆن قادر عبدالرحمان |
| ٤ | ژیانێکی نوێ پاش لەدایکبوونەوەی دووبارە | م. حمید موستەفا جەعفەر<br>م. هێرش محمد سعید صالح |

**کاتژمێر ( ١٠ :١٢ . ٥٠ :٠١) نانخواردنی نیوەڕۆ و پشوو**

**کاتژمێر ( ٠١:٥٠ . ٠٢:٠٠) نمایشکردنی فیلمی دیکۆمێنتاری لەسەر ژیان و بەرهەم و وێستگەکانی ژیانی مەولەوی کە هاما گروپ بەرهەمیان هێناوە بەشی دووەم (١٠ خولەك)**

### پانێڵی دووەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ٠٠ :٠٢ . ٠٠ :٠٣**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (د. سالار عبدالله احمد تاوگۆزی) زانکۆی هەڵبجە**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | الإستدلالات العقدية القرآنية في منظومة (الفضيلة) للعلامة السيد عبد الرحيم المولوي الكردي النقشبندي الشافعي الأشعري | پ.د. حسن خالد مصطفی المفتي |
| ٢ | مركزية الأبعاد التربوية في منظومة الفضيلة للعلامة السيّد عبد الرحيم الكردي | پ. د. عمّار جيدل |
| ٣ | منهج الشيخ المولوي وآراؤه العقدية في الصفات الإلهية من خلال منظومته الفضيلة | د.عبد الفتاح بن صالح قديش اليافعي |
| ٤ | منهج الشيخ عبدالرحيم المولوى فى مرتكب الكبيره من خلال منظومته الفضيله | د.ابو زيد جويلى |
| 5 | إسهامات علماء الكرد في توثيق تاريخ علم العقائد خلال العصور الإسلامية (العلامة المولوي ت١٣٠٠هج انموذجاً دراسة في كتاب الفضيلة | د. افراح حميد عبد حسن المفرجي |

## پانێڵی سێیەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ٠٣:٠٠ - ٠٤:٠٠**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (پ. د. ئومێد نجم الدين موفتى) زانكۆی سەلاحەدین**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | سه نامه چاپ نشدەی مولوی موجود در آرشیو صباح حسینی | د. صباح حسيني |
| ٢ | Edebiyata namenivîsîn di Şî'rî klasîkî kurdî de. Li pey destnivîsek nû li kitêbxana Niştimanî Berlîn (Nameyên Mewlewî wek nimûne) | م. فەنەر ڕۆژبەیانی |
| ٣ | نامە بڵاونەکراوەکانی مەولەوی کورد لە کەشکۆڵی کەریمبەگی جافدا | م. عەبدوڵا حەبیبی<br>م. کاروان عثمان خەیات |
| ٤ | باس و شیعری مەولەوی لە دەستنووسێکی بڵاونەکراوەدا | م. رزگار طيب محمد |
| 5 | محمد حسن شریف‌آبادی نخستین گردآورندۀ دیوان مولوی | د. محمد عبدلی |

# ڕۆژی دووەم

**پێنج شەممە ١٢ / ١٢/ ٢٠٢٤**

## پانێڵی چوارەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ٠٩:٠٠ . ١٠:٠٠**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (پ. ی. د. هادی رضوان) زانكۆی کوردستان. سنە**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | کارمای ئیستاتیکی وعیرفانی پۆزەتیف و ژیانەوەی ڕۆح بە نموونەی شیعری مەولەوی | م. ئاڵا دارا عبدالمجید |
| ٢ | ئیستاتیکای دەق لە شیعری بۆنەی (مەولەوی)دا | د. ئارام عومەر عەلی |
| ٣ | بنیاتی قووڵی دەق لە شیعری مەولەویدا لە ڕوانگەی خوێنەرەوە | پ.ی.د.ڕێبوار محمد اسماعیل |
| ٤ | مەولەوی و دەلالەتەکانی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا | م. ڕەوەند سالّح |

## پانێڵی پێنجەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ١٠:٠٠ ـ ١١:٠٠**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (جووتیار نەریمان حسێن) زانکۆی عەلامە تەباتەبایی. تاران**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | منظومة (الفضيلة) للمولوي: تطويع جمالية اللغة لسمو العقيدة - نماذج مختارة | پ. ی. م. حسين حسن كريم |
| ٢ | التجانس اللفظي وأثره في جمالية التراكيب اللغوية في منظومة (الفضيلة) للمولوي | پ. د. أمير رفيق عولا المصيفي |
| ٣ | فەرهەنگی شیعری مەولەوی | م. هومايۆن صاحب |
| 4 | هاوبێژی و فرەواتایی مۆرفیمی [نە] لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا | پ. ی. د. عثمان كريم عبدالرحيم |

**کاتژمێر (١١:٠٠ - ١١:١٠) پێشکەشکردنی قەصیدەیەك بە شیعری مەولەوی لە لایەن د. زانا ناجی غولامی و بە هاوکاری گروپی هونەری بێخود (١٠ خولەك)**

## پانێڵی شەشەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ١١:١٠ ـ ١٢:١٠**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (د. فاضل حەمە سەعید ئەمین) زانکۆی سۆران**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | گوتاری نوێگەری لە دونیای ئەدەبی مەولەویدا، نمونەی تێگەیشتن لە چەمکی عیشق (خوێندنەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان مەولەوی و بێسارانیدا) | م. دڵزار حەسەن |
| ٢ | لێکدانەوەی مۆتیفە هاوچەشنەکانی مەولەوی و بێسارانی و پەیوەندییەکانی ئەدەبیاتی بەراوردی و تیئۆریی نێواندەقی | م. عادڵ محەمەدپوور |
| ٣ | نگاهی بە روابط مولویکُرد با علما و معاریف سنندج با تکیە براسناد نویافتە | م. سامی دهقانی |
| ٤ | قوتابخانەی شیعری مەولەوی، تەحلیلی جیاوازیی ڕۆمانسیەتی ئەدەبی گۆران، کاریگەرییەکانی کلاسیکی ڕۆژهەڵاتی | م. سید معتسم هاشمي |

**١٢:١٠ – ٠١:٣٠ نانخواردن و پشوو**

## پانێڵی حەوتەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ٠١:٣٠ - ٠٢:٣٠**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (پ. ی. د. صبور عبد الکریم حەمە) زانکۆی سلێمانی**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | هەڵوێستی مەولەوی لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئیمامەتەوە | پ. د. ئاراس محمد صالح |
| ٢ | دیدی مەولەوی بۆ چەسپاندنی سیفاتی پەروەردگار | د. طارق جبار |
| ٣ | مەولەوی و عەقیدەی ئەشعەرییەت (زوبدەی عەقیدە) بە نموونە | م. نێچیروان جاسم والی |
| ٤ | عیشقی خودا لە نێوان مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای ڕۆمیدا | م. ئەرکان حسێن صبری<br>د. شەیدا ڕەشید محمد |
| 5 | میتۆدی مەولەوی بۆ گۆڕینی نارەوا لە ڕێگەی کتێبی (الفضیلة) و کۆششەکانی لەم بوارەدا، توێژینەوەیەکی عەقیدەیی مەبەسگەراییە | پ. ی. د. ئارام جلال عبدالله |

## پانێڵی هەشتەم:

**شوێن: هۆڵی کۆنگرێس | کات: ٠٢:٣٠ . ٠٣:٣٠**

**بەڕێوەبەری پانێڵ: (پ. ی. د. نەوید کەمال غەیاس نەقشبەندی) زانکۆی کوردستان. سنە**

| ژ | ناونیشانی توێژینەوە | ناوی توێژەر |
|---|---|---|
| ١ | المصطلحات المنطقية في آثار المولوي الكوردي | د. زانا ناجي عبدالله |
| ٢ | مفهوم الزمان في الفكر الكلامي عند السيد عبدالرحيم المولوي | د. سعدون حسين أحمد |
| ٣ | مسألة العلاقة بين الذات والصفات بين عبد الرحيم المولوي وعبد القادر المهاجر | د. حميد محمدامين عزيز |
| ٤ | رؤية الله عند المولوي في كتابه الفضيلة دراسة تحليلية مقارنة | پ. ی. د. ناصح فتاح نصرالله<br>پ. ی. د. محمد عبدالله أحمد |

٠٣:٣٠ ـ ٠٤:٠٠

**خستنەڕوو و خوێندنەوەی ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس.**

## کۆتایی کۆنفرانس



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): جلال علی جلال الدین جلالی زادە
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٦٠
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئیران
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستای یاریدەر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانكۆ
شوێنی كار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانكۆی تاران

## ژن لە چاو و گیانی مەولەوی تاوەگۆزیدا

پ.ی. دکتۆر جەلالی زادە
بەشی فیقە و حقوقی شافیعی ، کۆلێجی زانستە ئیسلامییەکان ، زانکۆی تاران

**کورتە باس :**

باشـترین پێـوەر و ڕێگا بۆ ناسـینی ئاین، نەتـەوە، قوتابخانە فیکری و فەلسـەفییەکان، شـاعیران، عاریفـان و زاناو ڕۆشـنبیران، هەڵسـەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە فیکـر و ئەندێشـەیانە دەربارەی ژن. واتـا ژن پێوەری ناسـین و تێگەشـتنە لە ئەندێشـەو و فکرە جـۆراو جۆرەکان.

لـەم نێوەنـدەدا دەبینیـن لەلایـەن زۆرینـەی ئاییـن و ڕەوتـە فکرییەکانـەوە ژن وەک کائینێکـی کـەم توانـا لە ڕووی ژیـری و توانـای جەسـتەییەوە وێنا کـراوە. لەبەرامبـەردا کەسـانێک هەبوون سـەرەڕای دیـدگای زۆرینـە، کـە نەرێنییـە بەرامبـەر ژن، ئەمان بـە چاوێکـی ئەرێنییەوە لـە ژنیان ڕوانیـوە، تەنانـەت لـە ڕاپەڕاندنـی کار و فرماندا بە هاوتـای پیاویان زانیـوە. یە کێک لـەم تێڕوانینە جیـاواز و نایابانـە دیدگای شـاعیر و عاریفی گەورەی کورد سـەید عەبدولڕەحیم تاوەگۆزی ناسـراو بـە مەولەوییـە، کە بـە خوێندنـەوەی شـیعرەکانی دەتوانیـن ئاماژەیەکـی ڕوون لـە گرنگیدان بە ژن و هاوسـۆزی بۆیـان ببینیـن، وەک دەربڕینی هەسـتی سـۆز و خۆشەویسـتی بۆ هاوسـەرەکەی (عنبـەر خاتـوون) بەتایبەت بۆ مەرگ و لەدەسـتدانی ئـەو، بەمەش شـیعرەکانی نموونەی باڵان بـۆ دەربڕینی عەشـق و خۆشەویسـتی بۆ ژن.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە تایبەتـە بـە لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی شـیعرەکانی مەولـەوی بەتایبـەت لەبـارەی ژنـەوە، هەرچەنـدە لەوانەیـە لە ڕێگـەی شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی شـیعرەکانەوە بە تـەواوی نەگەینـە ئـەوەی، کە لە هەسـت و نەسـتی شـاعیردایە بەرامبەر بـە ژن. بـەڵام دەتوانین ئـەوە بڵێیـن یەکێک لـە باشـترین ڕێگاکان بـۆ تێگەیشـتن لە هـزر و ئەندێشـەی شـاعیر بەرامبەر بـە ژن و وێناکردنـی هێڵی گشـتی ئەو تێڕوانینە سـەرەڕای نەبوونی سـەرچاوەی پێویسـت تایبەت بـە ژیـان و گوزەرانـی شـاعیر، لێکۆڵینەوەیە لـە شـیوەنە هۆنراوەکانـی و سـتایش و پیاهەڵدان بە هاوسـەرەکەیدا، کە وەک سـیمبوڵێکی شـاراوە بۆ عیشـق و خۆشەیسـتی بۆ ژنان لێـی دەڕوانین.

کلیلە وشە: ژن، عیشق، مەولەوی، عەنبەر خاتوون، پێگەی ژن.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): شیلان عومەر حسێن
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٦
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سلێمانی

## پراگمازمانیی چەمکی ژن لە شیعرەکانی مەولەویدا

پ. د. شیلان عومەر حسێن
زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زمان – بەشی کوردی

**پوختە:**

ئـەم لێکۆڵینەوەیە چێوەبەندیـی چۆنێتی دۆزینەوەو پەسـنکردنی ڕۆڵی پڕاگمازمانیـی لەناو دەقە ئەدەبییـەکان و شـیکردنەوەو پەیـدۆزی بۆ چۆنێتـی بەکارهێنانی زمـان بۆ گەیاندنـی واتا دەکات. پڕاگماتیـك و ئەدەب هاوبەشـن لـە پەیوەندییان بـە بەکارهێنەرانـی زمان و شـێوازی بەکاربردنی زمـان و چۆنێتـی گەیاندنـی واتـاوەو ئەمـەش خاڵـی یەکانگیربوونـی ئـەم دوو بوارەیـە، بۆیـە ئـەم توێژینەوەیـە مەبەسـتێتی کنەکـردن و پشـکنین بـۆ پڕاگمازمانیـی چەمکی ژن لە شـیعریی مەولەویـدا بکات، بەپێـی بنەماکانی زانسـتی پڕاگمازمانیی و کارلێك و کاردانەوەکانی پەسـنبکات و ڕۆشـنایی بخاتە سـەر ئەو واتاو مانا شـاراوانەی لە پشـت وشەو زاراوەو دێڕە شـیعرەکاندا هەن، کە بە ناڕاسـتەخۆ شـاعیر ئاماژەیانپێـدەدات، ئەمەش بەهۆی ڕسـتێك ئامـاژەی پڕاگمازمانییەوە دەبێـت ، چونکـە پڕاگمازمانـی زانسـتی زمانـی دەقـەو ئـەو زانسـتەیە لـە چۆنێتـی وابەسـتەیی پەیوەندیـی هێمـای زمانـی بـە بەکارهێنانەکـەی دەکۆڵێتـەوە. لەمەشـەوە ئـەم توێژینەوەیـە مەبەسـتێتی بەپێـی تیۆری پڕاگمازمانی لە ئەدەبیاتناسـیی کارەکیدا بەگشـتی و لە دەقی شـیعری مەولەویدا بەتایبەتی بتوێژێتەوەو تیشکبخاتەسـەر ڕەهەندە دەروونیـی و فەرهەنگیی و کولتوریی و کۆمەڵایەتـی وپەروەردەیـی و...کە دروسـتەو پێکهاتەی شـیعری مەولەوی تەنیـوە و بەهۆیەوە دنیابینـی و بیرکردنەوەی شـاعیر لەمـەڕ چەمکی ژن پەسـندەکات.

بـۆ ئەمەش گریمانـەی لێکۆڵینەوەکە بەم پرسـانە دەخەینەڕوو: پڕاگمازمانیـی چییە؟ چۆن بەپێی سـیمیۆپڕاگماتیك دەقی شـیعریی شـیدەکرێتەوە؟ بۆچی هۆکارە دەوروبەرییەکانی وەك(بۆنەی وتن، کات، شـوێن، هاوبەشـیکارانی ئاخاوتن، مەبەسـت، نیازو خواسـت..)، کاریگەرییان لەسـەر هـەردوو کـردەی بەرهەمهێنانی زمانی و کـردەی لێکدانەوەی زمانی هەیە؟ چۆن واتای شـاراوەی پشـت کەرەسـتە زمانییـەکان هەڵبهێنجێنیـن، کەرەسـتەکانی دیاریکردنـی واتـای پەنامەکـی لـە شـیعردا چین ؟...تاد..

وشەی سەرەکی: پڕاگماتیك، ئەدەب، پڕاگمازمانیی، سیمیۆپڕاگماتیك، کردەی قسەیی.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): حەمید موستەفا جەعفەر
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٤
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەڵەبجەی تازە
بڕوانامە (الشهادة): بەکالۆریۆس
پلەی زانستی (اللقب العلمي): توێژە
پیشە (الوظیفة): توێژەر
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی هەڵەبجە



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): هێرش محەمەد سەعید ساڵح
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٢
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی
بڕوانامە (الشهادة): ماستەر
پلەی زانستی (اللقب العلمي)
پیشە (الوظیفة): مامۆستا
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها)
دواناوەندیی دوارۆژی تایبەت

## ژیانێکی نوێ پاش لەدایکبوونەوەی دووبارە: خوێندنەوەیەکی مێتافیزیکییانەی ئەرستۆیی بۆ شیعری «ڕوێ فکر بەخت» ی مەولەوی کورد و کەسایەتی ڕاسکۆڵینکۆف لە ڕۆمانی تاوان و سزا ی دۆستۆیڤسکی دا.

حمید موستەفا جەعفەر و هێرش محمد سعید صالح

### پوختە

مرۆڤ تاکە بوونـەوەرە توانای دووبارە لەدایکبوونەوەی هەیـە. لەدایکبوونەوەی دووەم، چ فیزیکی بێـت یاخـود مەعنـەوی، گۆڕانێکـە تەنها لـە مرۆڤـدا ڕوودەدات. ئـەم دووبـارە لەدایکبوونەوەیـە هەڵـی دووەمـی مرۆڤـە بـۆ ژیـان، جیاوازتر لـە ژیانـی پێشـووی و دەسـتپێکی ژیانێکی نوێیـە پاش لەدایکبوونـەوەی. ئەمـەش بـە گۆڕینی دیـدگا بێت یاخـود تێپەڕاندنـی ئەزموونی ژیانی سـەخت و ناهەمـواری پێشـووی و پوخت بوونەوەی بۆ دەسـتپێکی ژیانێکی نوێ. باسـکردن و پیشـاندانی ئەم جـۆرە لەدایکبوونـەوە و ژیانکردنـە نوێیـە، پانتاییەکی گرنگـی هەیە لـە کاری ئەدەبیدا. لـەم بوارەدا هەریـەک لە ئەدەبی کوردی و ئەدەبی جیهانی، نموونەی باڵا و شـاکاری تێدایـە. ئەم توێژینەوەیەش کار لەسـەر دوو لەو ئەدیب و نووسـەرە درەوشاوانە دەکات: یەکەم شـاعیر و عارفی کورد مەولەوییە کە لە شـیعرێکدا بەنـاوی «ڕوێ فکر بەخت» بەکورتی، بەڵام بە چڕی و قووڵـی، ئەو جۆرە ژیانە و ئەو دەسـتپێکە نوێیـەی خسـتووەتە ڕوو؛ دووەم ئەدیب کە بـەراوردی دەکەین لەگـەڵ مەولەویی کورد فەیلەسـوف و ڕۆماننووسـی بیرتیـژ و وردەکاری ڕووسـی فیۆدۆر دۆستۆیڤسـکی یە، کـە لە ڕۆمانی

تاوان و سزا دا، و لە کارەکتەری ڕاسکۆلینکۆڤدا ئەم چەمکی لەدایکبوونەوەیە بەرجەستە دەکات. ئەمەش دوای گوزەراندنی ئەزموونێکی سەختی ژیانی تاوانباری و زیندان و بەدبیری تا گەیشتن بە خاڵی دەستپێکی ژیانێکی نوێ. ئەم بەراوردکاری و لێک نزیکی دنیابینییەش لەم توێژینەوەیەدا بەپێی تیۆریەی مێتافیزیکی ئەرستۆیی دەخەینەڕوو وەک چوارچێوەیەک بۆ ڕاڤەکارییەکەمان. توێژینەوەکەش پێک دێت لە پێشەکییەک و چوارچێوەیەکی تیۆری و بەشی مەولەوی کورد و بەشی دۆستۆیڤسکی، پاشان بەراوردکاری و دەرئەنجامی توێژینەوەکەی بەدوادا دێت.

کلیلیە وشەکان: لەدایکبوونەوە، ژیانێکی نوێ، مێتافیزیکی ئەرستۆیی، مەولەوی، دۆستۆیڤسکی



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): لهۆن قادر عبدالرحمان**

**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٣**

**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**

**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**

**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**

**پیشە (الوظیفة): مامۆستا**

**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): ئامادەیی ڕوشدی علی شەریف**

## ئیستێتیکای شیعرێکی مەولەوی لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە

(م.یاریدەدەر) د. لهۆن قادر عبدالرحمان

**پوختە:**

شێوازناسیی هاوچەرخ، میتۆدێکی زانستیی و بابەتییانەیە، دەتوانێت لەڕێی چەمکەکانییەوە شیکاریی بۆ دەق بکات و زۆرترین بەهای ئیستێتیکایی بخاتەڕوو و بینرخێنێت.

لەم توێژینەوەیەدا کە شیعرێکی مەولەوی تاوگۆزی بە نموونە وەرگیراوە، بە میتۆدی شێوازناسیی هاوچەرخ و بە «بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانە» و بە سوودوەرگرتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی-وەک میتۆدێکی نەریتیی شیکاریی دەق، هەوڵدراوە دەق و زمانی دەق بکرێتە پێوەر و سەنتەر و وەک بونیادێکی سەربەخۆ، شیکاریی زانستییانە بۆ ڕەهەندی چێژ و جوانیی ئەم بەرهەمە ئەنجام بدرێت.

چەمکەکانی:(پێشخان foregrounding- )، (تەریبی- parallelism)، (لادان- Deviation) پایە و بنەمای سەرەکی شیکاریی ئیستێتیکی دەقەکەمانن، بەڵام گەڕانەوەشمان دەبێت بۆ ڕەوانبێژی نەریتی و تێهەڵکێشی میتۆدە سەرەکییەکەمانی دەکەین، چونکە ڕەوشە نەریتییەکە ناتوانێت بچێتە ژێرباری دیاریکردنی زۆر ڕەهەندی چێژ و جوانیی، کە بێگومان میتۆدە هاوچەرخەکە زۆرێک لەو ئەرکانە بە بەرجەستەکراوی و زانستییانە ئەنجام دەدات.

وشە کلیلییەکان : شێوازناسیی، ڕەوانبێژی، شێوازناسیی هاوچەرخ، پێشخان، تەریبی، لادان.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): حەسەن خالید موستەفی مەحمود موفتی**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٢**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆر**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التى يعمل فيها): زانکۆی سەلاحەددین**


## بەڵگەهێنانەوە (استدلال)عەقیدەییە قورئانییەکان لە چەکامەی (الفَضيلة في علم أصول الدين)ی پیتۆڵی کورد، سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی نەقشبەندی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) - لێکۆڵینەوەیەکی قورئانی عەقیدەیی-

پ. ی. د. حەسەن خالد مستەفا مەحمود موفتی
مامۆستای فیقه و بنەماکانی لە زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، هەرێمی کوردستان/عێراق

### (پوختەی توێژینەوە)

زانایانی کورد لە تێکڕای زانستە عەقڵی و نەقڵییەکاندا بەشدار بوون، بە تایبەت زانستی عەقیدە و کەلام، کە بوڵندترینیانە، چونکە بەو هۆیەوە خودای پەروەردگارمان ناسیوە. گرنگترین دانراویش لەم بوارەدا، کە کورد دایتابێت، بە بڕوای توێژەر بریتییە لە چەکامەی (فەزیلەت) لە دانراوی زانای خوداناس و فەیلەسوفی کورد، ئەدیبی لێهاتوو، دانا و بلیمەت مامۆستا سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی کوردی نەقشبەندی شافیعی ئەشعەریی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت). توێژەر هەوڵی داوە لەم توێژینەوە کورتەیدا بەڵگە بیروباوەڕییە قورئانییەکانی ئەم دانراوەی مەولەوی لە زانستی بنەماکانی بیروباوەڕدا ڕوونبکاتەوە، کە مەولەوی بە دەق یاخود بە خواستن یان بە واتا و ئاماژەو هێما باسیکردوون و ئاماژەی پێداوە، کە پەیوەستن بە هەر سێ بەشی زانستی بیروباوەڕ: (ئیلاهییات، نوبووات، سەمعییات)، توێژینەوەکەم پێکهاتووە لە پێشەکییەك و سێ باس و کۆتاییەك تیایدا گرنگترینی دەرئەنجام و پێشنیازەکانمان جێکردووەتەوە، توێژینەوەکە گەشتە ئەو راستییەی کە مەولەوی لە فەزیلەکەیدا پشتئەستور بووە بە بنەمای سەرەکی و یەکەمی زانستی باوەڕ کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز، پاشان بەڵگە نەقڵی و عەقڵییەکانی تر، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو کە زانایانی کورد هەمیشە گرنگییان داوە بە بەڵگەی نەقڵی و عەقڵی پێکەوە لە توێژینەوەکانی پەیوەست بە بیر و باوەڕ و عەقیدەوە، توێژەر توانی لەم توێژینەوەیدا پەنجا بەڵگەی قورئانی بناسێتەوە و ئاماژە پێبدات کە حەزرەتی مەولەوی لە نێو ئەم چەکامەیدا لە هەرسێ بەشەکانیدا باسی کردوون.

ووشە کلیلیەکان : قورئان ، بەڵگە هێنانەوە، بیروباوەڕ ، خوداناسی، پێغەمبەرناسی، دوارۆژناسی



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): **جیدل عمر**
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): **١٩٦٠**
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): **جەزائیر**
بڕوانامە (الشهادة): **دکتۆرا**
پلەی زانستی (اللقب العلمي): **پڕۆفیسۆر**
پیشە (الوظیفة): **مامۆستا، و سەرنووسەری گۆڤار، و بەڕێوەبەری تاقیگە**
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): **کۆلیژی زانستە ئیسلامییەکان ، زانکۆی الجزائر١ بن یوسف بن خدة**

## ناوەندیبوونی ڕەهەندە پەروەردەییەکان لە چەکامەی (الفضیلة)ی کەڵەزانا عەبدولڕەحیم ئەلکوردی ناسراو بە مەولەوی (١٨٨٢کوچی دوایی کردووە):

پ. د. عەممار جیدل

کولیژی زانستە ئیسلامیەکان، زانکۆی ئەلجەزائیر (بن یوسف بن خدە)

### پوختەی توێژینەوەکە:

چەکامەی (الفضیلة) ی زانای گەورە عەبدولڕحیم ئەلکوردی (مەولەوی) دەقێکی جیاوازە لە زانستی (کەلام) ، جیاوازە لەوەدا کە سورە لەسەر ڕوونکردنەوەی بەرهەمی بیروباوەڕ و سوودەکانی، هەوەها ئاگادارکردنەوە لە گرنگی پەنابردن بۆ خودا بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ، هەروەها چەسپاندی ماناکانی خاوەندارێتی خودا بۆ مرۆڤ، کە توانای مەولەوی بە سەر ئەو بابەتەدا دەروازەیەکە بەڕووی زانیاری و میتۆدیبوون پاشان پەروەردەیی، بنچینەکەی راستگۆیی خوداویستییە، ئەمەش کارایەکی کاریگەرە بۆ رێگریکردن لە زاڵبوونی عەقڵ، کە بەمەش عەقڵ دەخاتەوە ناو کایەی بەندایەتییەکی پوخت بۆ خودای گەورە بە عەقڵ و دڵ و ئەندامەکانی جەستەوە.

مەولەوی چەکامەکەی بە پێی پۆلێنی ئەشعەری کردووە لە زانستی کەلامدا، ناوەڕۆکەکەشی بە جۆرێك نەخشاندووە، کە زانستی کەلام و ڕەهەندە پەروەردەییەکەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. ئەم ڕەهەندەش لە بەشەکەی سەرەتاوە بەدەرکەوتووە، دوو بەشەکەی دیکەش ئەو پێشەکییە مەعریفییانە لەخۆ دەگرن، کە مەبەست پێی پەروەردەکردنی نەوەکانە لەسەر زانینی بەڵگەهێنانەوە و بنەماکانی، هەروەها جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی هیچ بیروباوەرێك لای خودا وەرگیراو نییە ئەگەر لە سەر بنەمای بەڵگە نەبێت، پاشان بە ڕاستی وتەی شایەتومان پشتڕاست بکاتەوە، کە بە ناوی دەبات بە (ناوێك کە بەرهەمی خۆی دەبێژێت) (بەهەشتێکی پڕ لە بەرووبووم ئاسوودەیی هەردوو درووستبوونەکەیە) ، لە یەکەمیاندا هۆشداریدان هەیە لە پێویستی پەروەردەکردنی نەوە بۆ چنینەوەی بەرووبوومی ناسینی خوداو سیفەتەکانی، لە دووەمیشدا جەخت دەکاتەوە لەسەر پەروەردە بوون لە سەر ناسینی نێوندگیری مەزن (سەروەرمان موحەممەد)، شەرەفمەندبوونی تەواو لە ناسینی پێگەی پێغەمبەر و چنینەوەی بەربوومی پابەندبوون پێوەی.

چەکامەکـە لـە دابەشـکردنەکەیدا: (النبـع، المشـرعه، والصبـره، والجفنـه، والغرفـه، والجنّـه، والسـعاده، و...)، زیاتـر لـە ڕەهەنـدی پەروەردەییدایـە، هەروەهـا لـە بەشـەکانیدا (الاسـتهلال، والمقدمـات، العقائـد) ، ئەمـە چەکامەیەکە زانسـت و میتـۆد و بەرهەمیان پێکەوە کـۆ دەکاتەوە، بەرووبوومەکەیـان سـەرکەوتنە لـە دونیـاداو ڕزگاربوونیشـە لـە ڕۆژی دوایی، نووسـەریش ئاگاداری وانەی ئەشـعەرییە لە زانسـتی کەلامی ئەشـعەریدا، هەروەوەها گەڕاندنەوەی گرنگیدان بە پەروەردە و گرتنەبـەری شـێوازی زانسـتی و میتـۆدی تـێ پەڕاندووە.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): عەبدولفەتاح ساڵح محەمەد قاسم قدیش**

**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٤**

**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): یەمەن**

**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**

**پلەی زانستی (اللقب العلمي): -**

**پیشە (الوظيفة): توێژەر و بانگخواز**

**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): سەنتەری (ئەلخەیرات) بۆ توێژینەوە و چاپ و بڵاوکردنەوە**

## بۆچوونە بیروباوەڕییەکانی مەولەوی لە سیفەتەکانی خودا لە میانەی چەکامەی (الفضيلة).

عەبدولفەتاح بن سالح قەدیش ئەلیافعی

سـوپاس و سـتایش بـۆ خـودا و دروود لـە سـەر پێغەمبـەری خـودا و کەسـوکار و هـاوەڵ و شـوێنکەوتوانی، پاشـان:

زانـا عەبدولڕەحیـم مەولـەوی ئاگرێکـە لە سـەر شـاخێك خـودا زانسـت و کارو فێرکردنـی لەودا کۆکردۆتەوە. ئەو زانای پێشـەوایە لە زانسـتی ئوسوڵ و لقەکان و تەسـەوف و ئەدەب و بوارەکانی تـری زانسـتدا، دەریایەکی بە شـەپۆلە، بـەڵام ئێمە تەنهـا کەمێك ئاوی ئـەو دەریایە لـە دەممان ڕادەدەین و پروشـەیەکی پـێ دەکەین.

ئـەو پروشـەیەش بریتیـە لـە : (بۆچوونـە بیروباوەڕیەکانـی لـە سـیفەتەکانی خـودا لـە میانـەی چەکامەکـەی ‹‹الفضيلـة››)

زانا مەولەویـش لـە سـەر ڕێچکـەی ئەهلـی سـوننەو جەماعەیـە، بەتایبەتـی لەسـەر بۆچوونـی ئەشـعەرییەکان، لـە چەکامەکەشـیدا لـە لاپـەرە ٤٠ ئامـاژە بـەوە دەکات و دەڵێـت:

وقدوتی مع عذری استطاعة ** جماعة السنة والجماعة

كجامع المنقول والمعقول ** أمامنا المرجع فی الأصول

وما ترید الماتریدی السری ** بل أشعرت أشارتی للأشعري

لێکۆڵینەوەکەم دابەشکردووە بۆ باسێکی بەرایی و سێ باس و کۆتایی.

باسی بەرایی: یەکەم ئەرك بریتییە لە زانینی ئەوەی کە پێویستە یان مەحاڵە یان شیاوە بۆ خودای گەورە، هەروەها قسەکردن لەسەر پێناسەی پێویست و مەحاڵ و نا مەحاڵ.

باسی یەکەم: باسکردنی هەندێك لەو سیفەتانەی کە پێویستە هەبن بۆ خودا، لە سیفەتە خودییەکان و سیفەتە نیگەتیڤەکان و سیفەتە ماناییەکان و سیفەتە مەعنەوییەکان.

باسی دووەم: باسکردن لە هەندێك لە مەحاڵەکان سەبارەت بە خودا و بەریبوونی لە هەر کەم و کورتی و عەیبێك کە دژی سیفەتەکانیەتی.

باسی سێیەم: باسکردن لەوەی بۆ خودای گەورە کە دەشێت.

کۆتایی: کە پوختەی لێکۆڵینەوەکە لە خۆ دەگرێت.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ئەبو زەید عەبدورەحیم عەبدولعاتی حەسەن**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٧**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): میسر**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظیفة): ڕاگری پەیمانگای دواناوەندی ئەزهەر**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): پەیمانگای ئەزهەر**

## میتۆدی زانای گەورە عەبدولڕەحیم مەولەوی لە (بکەری گوناهی گەورە) لە میانەی چەکامەی (الفضیلة)ەکەیدا.

د. ئەبو زەید عەبدولڕەحیم عەبدولعاتی.

## پوختە :

بابەتـی (ئەنجامـدەری تاوانـی گەورە) لـە گرنگتریـن بابەتەکانی زانسـتی کەلامە، بۆیـە لە کۆن و نوێـدا زۆرێـك لە لێکۆڵەرانی بە خۆیەوە سـەرقاڵ کردووە، تاکو ئێسـتاش باسوخواسـی لە سـەرە لـە نێـوان ئەوانـەی کە سـەرقاڵی فەلسـەفە و زانسـتی کەلامـن، بەتایبەتی کـە ئـەوە هۆکارێکی سـەرەکی دروسـتبوونی ڕێچکـەی موعتەزیلییەکانە.

تیگەیشـتن لە چەمکی (گوناهی گەورە) فرەچەشـنە، گروپە ئیسـلامەکانیش جیاوازن لە حوکمی بکـەری گوناهـی گەورە لـە دونیـاو ڕۆژی دواییش، مەولـەوی لـە چەکامەکەیدا کۆمەڵێـك بەیتی تایبـەت کـردووە بـە باس کـردن لـە بۆچوونی گروپـە ئیسـلامییەکان دەربـارەی بکـەری گوناهی گەورە.

لێکۆڵینەوەکە دابەشدەبێت بۆ پێنج باس و باسێکی بەرایی:

لـە باسـە بەراییەکـەدا باسـم لـە دوو بابـەت کـردووە، یەکـەم : ناسـاندنی مەولـەوی ، دووەم: پێناسـەی گوناهـی گـەورە .

باسی یەکەم: بۆچوونی ئەهلی سوونەو جەماعە لە سەر حوکمی بکەری گوناهی گەورە .
پاری یەکەم: حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە دونیادا .
پاری دووەم: حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە ڕۆژی دواییدا.
باسی دووەم: بۆچوونی موعتەزیلییەکان لە بارەی بکەری گوناهی گەورە.
پاری یەکەم: بۆچوونی موعتەزیلییەکان لە حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە دونیادا .
پاری دووەم: بۆچوونی موعتەزیلییەکان لە حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە ڕۆژی دواییدا.
باسی سێیەم: بۆچوونی مورجیئییەکان لە بارەی بکەری گوناهی گەورە.
پاری یەکەم: بۆچوونی مورجیئییەکان لە حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە دونیادا .
پاری دووەم: بۆچوونی مورجیئییەکان لە حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە ڕۆژی دواییدا.
باسی چوارەم: بۆچوونی خەواریج لە بارەی بکەری گوناهی گەورە.
پاری یەکەم: بۆچوونی خەواریج لە حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە دونیادا.
پاری دووەم: بۆچوونی خەواریج لە حوکمی بکەری گوناهی گەورە لە ڕۆژی دواییدا.
باسی پینجەم: میتۆدی عەبدولڕەحیم مەولەوی لە بارەی بکەری گوناهی گەورە.
پاری یەکەم: گوناهی گەورە لە بۆچوونی عەبدولڕەحیم مەولەوی دا.
پـاری دووەم: میتـۆدی عەبدولڕەحیـم مەولـەوی لـە حوکمـی بکەری گوناهـی گەورە لـە میانەی بۆچوونەکانـی ئەهلـی سـوننە و موعتەزیلییـەکان و خەواریـج و مورجیئەکان.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ئەفراح حەمید عەبد**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٩**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): پارێزگای واسیط**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی واسیط**

## بەشداری زانایانی کورد لە بە بەڵگەنامەکردنی مێژووی زانستی عەقیدەناسی لە مێژووی ئیسلامدا (کەڵەزانای کورد مەولاوی ١٣٠٠ کۆچی وەک نموونەی لێکۆڵینەوەیەک لە کتێبی ‹›الفضيلة››).

د. ئەفراح حەمید عەبد حەسەن ئەلمەفرەجی
کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/بەشی مێژوو، زانکۆی واست

**پوختە:**

کوردستان بە درێژایی سەردەمە مێژووییەکان چەندین زانا و پیاوی ئاینی و ڕۆشنبیری تێدا هەڵکەوتووە، کە مێژوو گەواهیدەری زانست و هەوڵە ماندوونەناسەکانیانە لە پێناو پاراستنی زانست و ئایین، سەرباری بەرەنگاربوونەوەی نادادپەروەری و ستەمکاری و بەرزڕاگرتنی وشەی ڕاست و دروست. زۆرێک لەم بوارەدا هەڵکەوتوون و هەر کەسێک لەوانەش نیشانەیەکی جیاکەرەوە بووە لەوی دی و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا جێپەنجەیەکی ڕوونیان بەجێهێشتووە لە میانەی بیرۆکە و دیدگا ئایینی و فیکری و مێژوویی و زانستیەکانیانەوە...هتد، هەر بۆیە لەم توێژینەوەدا هەوڵمانداوە تیشکبخەینەسەر سەر یەکێک لە گرنگترین کەسایەتییە کوردەکان کە ڕۆڵی سەرەکی لە بواری زانست و مەعریفەدا هەبووە، بەتایبەتی لە بواری فیکری و ڕۆشنبیریدا، و هەوڵەکانی بۆ کۆکۆدنەوەی ڕەسەنایەتی و پاراستنی دامەزراوەی ئاینی دروست. دوباتکردنەوەی پرۆسەی زیندووکردنەوە و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئیسلامی لە گەڕانەوە بۆ چەمکە ئیسلامییە دروستەکانەوە دەستپێدەکات، هەروەها پاککردنەوەی بیرکردنەوە و مرۆڤەکان لە هەر لادانێک کە پێیانەوە ئالاوە ئەمە ئەو بنەمایە کە هەموو چاکسازیخوازان و زانایان و پیاوانی ئایینی لە جیهانی ئیسلامی ئێمە لە کنیان گەڵاڵە بووە، بەهۆی ئەو کارە ئیسلامییانەی بە جیاوازی هەوڵ و ئیجتیهادەکانیانەوە داویانە لە دیاریکردنی جۆری لادانەکان و ڕێکخستنیان بە گوێرەی گرنگیان، ، ئەمەش لە میانەی چەندین ئامڕازی جۆربەجۆرەوە، کە لەنێو دانراوەکانیاندا لە زانستی عەقیدە و کەلامداهاتووە، هەروەها گفتوگۆ و مشتومڕیان سەبارەت بە بۆچوونی مەزهەبە ئاینیەکان، ئەمەش مەبەست لێی بریتییە لە «زیندووکردنەوەی هزری ئایینی» مەبەست لەم دەستەواژەیە، «إحياء الفكر الديني» واتە: «زیندووکردنەوەی خودی ئاین نیە، بەڵکو زیندووکردنەوەی بیرکردنەوەیە سەبارەت بە ئاین، بەگوزارشتێکی تر پاککردنەوەی مێشک لەو لادان و شێواندنەی تیایدا کەڵەکە بووە بە تایبەت ئەو

پەرتوبڵاویەی هزر و بیرکردنەوەکان بەرامبەر یە بیرۆکە و ڕەوتە ئاینییەکان هاتبووە ئاراوەسەبارەت بە ئاینی ئیسلام لە سەردەمی نوێ». وەک، بوون، ئیسلام، ئیمان، پێکهاتن، توانا، ژیان، ڕێبازەکانی پێشینان لە میانەی سەردەمە یەکلەدوای یەکەکانی ئیسلامیدا...هتد، بەتایبەتی کە دەزانین لە ئێستادا زۆر دیاردە لە کۆمەڵگادا بەربڵاون، وەکو بێدینی(ئیلحاد)، دان نەنان بە بوونی خودا، و چەندین بابەتی زۆر و زەبەن سەبارەت بە ئیمان و ئیسلام و بوونی خودا. ..هتد.

لە ڕێگەی ئەمەوە زانایان و پیاوانی ئایینی بەشداری کاریگەر و هەوڵی گەورەیان لە پەروەردەکردن و پەروەردە و چاکسازی کۆمەڵگادا کردووە بە بڵاوکردنەوەی زانست و مەعریفە بۆ ئەوەی چرایەکی درەوشاوە بن بۆ میللەت و ئەستێرەیەک بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە لە ڕێگەیەوە ڕێنمایی دەکرێت و ڕوناکیەک بن کە شوێن ڕۆشناییان بکەون، لە میانەی خوێندنەوەی وردمانەوە کۆمەڵێک کەسایەتی درەوشاوەمان بەدیکرد کە کاریگەری ئەوتۆیان هەبووە لە دانانی دانراوی ئاینی بە نرخ و توانیویانە کە پێگەیەکی کۆمەڵایەت و ئاینی و ڕۆحیان هەبێت لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەویش بریتیە لە کەڵەزانا (عەبدولڕەحیم مەولەوی ١٣٠٠کۆچی)، بەو پێیەی یەکێک بووە لە گرنگترین پیاوانی ئایینی سۆفی مەشرەب لەوکاتەدا و ناوبانگی بە تەقواو خواپەرستی دەرکردووە و لەنێو کۆمەڵگەکەیدا لە لایەک و لای زانایانی عێراقیش لەلایەکی دیکەوە پێگەیەکی بەرزی هەبووە و هەمووان لە دوور و نزیکەوە دەهاتنە کن وی بە زانیاری و فراوانی بیرکردنەوەکانی، یارمەتیدەریان بوو لەوەدا بە ئاشنابوونی بە کولتور و ڕۆشنبیری کوردی و فارسی و تەنانەت عەرەبیش، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بیرۆکەی توێژینەوەکەکان لە ژێر ئەم ناونیشانەدا هاتە ئاراوە بەشداری زانایانی کورد لە بە بەڵگەنامەکردنی مێژووی زانستی عەقیدەناسی لە مێژووی ئیسلامدا (کەڵەزانای کورد مەولاوی ١٣٠٠ کۆچی وەک نموونەی لێکۆڵینەوەیەک لە کتێبی الفضيلة).

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی ئەوەیە ڕۆشنایی بخاتە سەر هەوڵ و کۆششی زانایانی کورد بە درێژایی مێژووی ئیسلامی لە بە بەڵگەنامەکردنی زانستی عەقیدەی ئیسلامی، پاشان ئاوڕێک لە ژیاننامەکەی و پێگەی زانستی لە سەردەمی خۆیدا لەو سەردەمەدا دەدرێتەوە، سەرباری ئەو هەوڵە گەورەیەی لە کتێبی (الفضيلة) داویەتی، کە جێگەی سەرنجی توێژینەوەکەمانە، کە چەکامەیەکی شیعرییە لە زانستی عەقیدەی ئیسلامیدا کە پشتمان بە ڕاوبۆچوونی پێشینەکان بەستووە، وەک موعتەزیلییەکان، ئەشعەریەکان و ئەوانی تر، لەبەر گرنگی بابەتەکە چونکە لێکۆڵینەوەیە دەربارەی بۆچوون و بیرۆکەکانی پیتۆڵ مەولەوی لە زانستی عەقیدەدا، کە زۆرێک لە موسڵمانان شوێن بۆچوونەکانی کەوتوون. هەروەها لەبەر گرنگی ئەم چەکامە شیعرییە ڕۆحییە، کە لە مزگەوت و خانەقا و قوتابخانەکاندا دەوترێتەوە هەر بۆیە توێژینەوەکەمان بەسەر سێ میحوەردا دابەشکرد، پێشەکییەک کە گرنگی و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ڕووندەکاتەوە، ئەنجامێکیش کە لە ڕێگەیەوە دەگەین بە گرنگترین دەرئەنجامەکان سەرباری گرنگترین سەرچاوە و مەڕاجیعەکان کە وەک بڕبڕەی پشتی ئەم توێژینەوەیە بوون.

وشەی کلیلەکان: (زانایانی کورد بە درێژایی مێژووی ئیسلام، پیتۆڵ مەولەوی،وروژاندنی زانستی، پێگەشتنی، زانستی عەقیدە، الفضيلة ، ئیسلام، ئیمان، سیفاتی خودا، زانست، ڕێبازە مێژوویەکانی پێشینان، موعتەزیلە، زانایانی کورد)



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): سه باح حسه ینی**
**ساڵی له دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٠**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران**
**بڕوانامه (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریده ر**
**پیشه (الوظيفة): مامۆستا**
**شوێنی کار (المؤسسة التى يعمل فيها): وه زارەتی پە روەردەو بارهێنان.**
**ئیدارەی پەروەردە وبارهێنانی پارێزگای کوردستان**

## ناساندن و لێکۆڵینەوی سێ نامەی بڵاونەکراوەی مەولەوی

د. سەباح حوسەینی (دکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی) سەقز
زانکۆی ئازادی ئیسلامی - سەقز

**کورتەباس:**

سـەید عەبدولڕەحیم ناسـراو بە مەعدومی، کوڕی مەلا سعید، زانا و کەسـایەتیی ئاینی و شاعیری گـەورەی کوردسـتان، یەکێک لە کەسـایەتییە بـێ هاوتاکانی مێـژووی کوردە، سـەرەڕای هەوڵ و کۆششـەکانی لێکۆلەرانـی کورد و غەیرە کورد لەبارەیەوە، بەڵام هێشـتا بەشـێکی زۆر لە گۆشـە و کەنارەکانـی ژیانـی بە نادیـاری ماونەتـەوە. یەکێک لە سـەرچاوە گرنگەکان بۆ زانیـن و لێکۆڵینەوە لـە بـارەی مەولەوییـەوە، گەڕانـە بـە دوای ئـەو بەڵگەنامـە و دەستنوسـانەدا، کـە لە ئەرشـیف و کتێبخانـەی بنەماڵـە و کەسـایەتییە ئایینـی و بەناوبانگەکانـدا پارێـزراون. مەولـەوی بـە هـۆی پێگـە زانسـتی و کۆمەڵایەتـی و ئایینیـە بـێ هاوتاکەیەوە لەگـەڵ زۆرێک لـە زانایان و ڕۆشـنبرانی هاوسـەردەمی خـۆی پەیوەنـدی فراوانـی هەبـووە، بـەڵام بەداخەوە بەشـی هـەرە زۆری نامەو نوسـراوەکانی، کـە هـۆکاری ئـەو پەیوەندییانە بوون، هێشـتا نەناسـراون وبـڵاو نەکراونەتەوە.

ئـەم توێژنەوەیـە لـە ناسـاندنی سـێ نامـەی مەولـەوی دەکۆڵێتـەوە، کـە تائێسـتا چـاپ و بـڵاو نەکراونەتـەوە. ئـەم سـێ نامەیـە بـۆ هەریـەک لـە شـازادە فەرهـاد میـرزا (مامـی ناسـرەدین شـای قاجـار و حاکمـی کوردسـتان) و محەمـەد بـەگ و زانایـەک بە ناوی مـەلا محەمەد سـەلیم) ەوە نێـردراون. ئـەم نامانـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی زانیاریـن لەبـارەی بارودۆخی ئـەو ڕۆژگارە و ڕووداوەکانی سـەردەمی مەولەوی، کە ئێسـتا لە ئەرشـیفی نوسـەری ئەم توێژینەوەیە (سـەباح حوسـەینی) لە شـاری سـەقز پارێـزراوە.

کلیلە وشە: مەولەوی ، نامە، فرهاد میرزا، محەمەد بەگ، مەلا محەمەد سەلیم.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): فەنەر ئیبراهیم ڕۆژبەیانی**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٦٥**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئەڵمانیا**
**بڕوانامە (الشهادة): دپلۆم لە یاسا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پارێزەر**
**پیشە (الوظیفة): نووسەر و توێژەر**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): ئیداری شارەوانی شاری کولن لە ئەڵمانیا**

## هونەر و ئەدەبی نووسینی نامەی شیعری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەگوێرەی دەستنووسی کتێبخانەی نیشتمانی بەرلین (نامەکانی مەولەوی وەک نموونە)

فەنەر ڕۆژبەیانی

**پوختە:**

لـە مێـژووی ئەدەبـی کوردیدا، بەتایبەت لە شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا، تەنها چەند شـاعیرێکی دیاریکـراوی کلاسـیکی کـورد گەیشـتوونەتە ترۆپکـی ئاسـتیان بـە وێنـەی مەولـەوی. مەولەوی ئەسـتێرەیەکی گەشـاوە بوو لە ئاسـمانی شـیعری کلاسـیکی کوردیـدا بۆچی مەولـەوی؟ چونکە مەولـەوی نـاوازە و داهێنـەر بـوو، چونکـە مەولـەوی بەگوێـری ئـەوەی هۆزانڤانێـک بـووە بـە چەندین شـێوەزاری جۆربەجۆر قسـەیکردوە وەک ئەو زارەی کە داهێنانی پێکرد ، کە زاری کوردیی گۆرانییـە، توانـی داهێنانی تایبـەت بەخۆی

لە زاری گورانی/ شێوەزاری هەورامی بێنێتە ئاراوە.

ئـەم شـێوەزارە بریتییـە لـە زمانـی هۆنـراوەی گەورەتریـن شـاعیرانی ئـەو سـەردەمە، کـە بەم شـێوەزارە جوانـە شـیعریان هۆنیوەتـەوە و بەرهەمـی بەنرخـی وەک بێسـارانی، خانـا قوبـادی، ئەحمـەد بەگی کوماسـی، مەهجـوری، مەسـتوورەی ئەردەڵانـی و مەولەوییان بەجێهێشـتووە. سـەرباری بەرهەمەکانـی بـە زمانـی عەرەبـی و فارسـی، مەولـەوی دوو کتێبـی گرنگی بـە زمانی کوردی بۆ بەجێهێشـتووین، ئەوانیش (العقیدة المرضیة) و دیوانەکەیەتی، لە ڕاسـتیدا مەولەوی زمـان و ئەدەبی کـوردی بـە بەرهەمەکانـی دەوڵەمەنـد کردوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەم کەمێک تیشک بخەمەسەر ژیانی شاعیر و داهێنەر مەلا عەبدولڕەحیمـی تاوگـۆزی، پوختەیەک لە توێژینەوەکەشـم لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەمەڕوو:


بەشـی یەکەم: کورتەیەک لـە ژیاننامەی مەلا عەبدولڕەحیم تاوگۆزی، پاڵپشـت بە دەسـتنووس و بەڵگەنامە ڕەسەنەکان.

بەشـی دووەم: پێگـە و پایەبوڵندی مەلا عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی لە شـیعری کلاسـیکی کوردیدا و داهێنانی لە هونەری نووسـینی نامەی شـیعریدا.

بەشــی ســێیەم: تێڕوانینێکی ئامارییــە لە دیوانــی مەولەوی لە میانــەی نووســین و ناردنی نامەی شــیعری بۆ شــاعیران و زانایانی کــورد (بە ژمــارە و ناوەوە).

بەشــی چــوارەم: نووســین و ئاڵوگــۆڕی نامە لــە نێوان مەولــەوی و ئەحمەد کوماســی شــاعیر، بە پێــی دەستنووســێکی کۆن لــە کتێبخانــەی نیشــتمانی بەرلین و لە ڕێگــەی پێشکەشــکردنی چەند لاپەڕەیەکــی جیاواز لەو دەستنووســە ئەسـڵیەی کــە لە کتێبخانــەی بەرلیــن هەڵگیراوە.

وشە کلیلیەکان: شیعری کلاسیکی کوردی، ئەدەبی نووسینی نامەی شیعری، مەلا عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی، ئەحمەد بەگی کوماسی، دەستنووسێکی نوێ، کتێبخانەی نیشتمانی، بەرلین.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): کاروان عوسمان خەیات**
**(ڕێبین):**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٦**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): کەلار**
**بڕوانامە (الشهادة): خوێندکاری دوکتۆر لە زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی کوردستان. سنە**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): دکتۆرا**
**پیشە (الوظیفة): لێکۆڵەر لە دەستنووس و بەڵگەنامە**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): کاری ئازاد**



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): عەبدوڵڵا حەبیبی**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٣**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران**
**بڕوانامە (الشهادة): بەکالیۆریۆس**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): لێکۆڵەر لە دەستنووس و بەڵگەنامە**
**پیشە (الوظیفة): مامۆستا**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): پەروەردە**

## نامە بڵاونەکراوەکانی مەولەوی کورد لە کەشکۆڵی کەریمبەگی جافدا

عەبدوڵڵا حەبیبی
نووسەر و لێکۆڵەر لە بواری دەستنووسی کوردی

کاروان عوسمان خەیات «ڕێبین»
خوێندکاری دوکتۆرا لە زمان و ئەدەبیاتی فارسیی زانکۆی کوردستان/ سنە

### پوختەی وتارەکە

کەشکۆڵی کەریمبەگی فەتاحبەگی جاف (١٨٨٥-١٩٤٩) دوو بەرگە و لە چەند بەش پێک هاتووە. بەشێکی زۆری کەشکۆڵەکە بۆ شیعر و نووسراوەی مەولەوی تەرخان کراوە. هەرچەند ناوی نووسەری ئەم بەشەی کەشکۆڵەکە بە ئەنقەست سڕێندراوەتەوە، بەڵام لە کۆتاییی نووسراوەکاندا ساڵەکانی ١٢٩٩ و ١٣٠٩ کۆچی دەبیندرێن و خەتی نووسراوەکانیش هیی خودی کەریمبەگ نییە و دیارە کە پێشتر نووسراون و بەجۆرێک بە دەستی کەریمبەگی جاف گەیشتوون. لەم کەشکۆڵەدا ئەژمارێکی زۆر و نزیک بە تەواوی شیعرەکانی مەولەوی بە خەتێکی خۆش نووسراونەتەوە و لە بەشێکیشیدا کورتکراوەی «عەقیدەی مەرزییە»ی مەولەوی هاتووە. بەڵام ئەو بەشەی کە جێگای سەرنج و باسی ئەم وتارەیە ئەوەیە کە لە بەشێکیدا ٤٤ نامەی مەولەوی نووسراونەتەوە و ١٩ نامەیان لە یادی مەرداندا هاتووە و ٢٥ نامەیشیان لە هیچ جێگەیەکدا نەهاتوون. بەشێک لەوانەیش کە پێشتر لە کتێبی «یادی مەردان»ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا چاپ کراون، لەگەڵ دەستنووسی نامەکانی مەولەوی لە کەشکۆڵی کەریمبەگی جافدا هەندێک جاوازییان هەیە. ئەم جیاوازییانە لە نامە بەناوبانگەکەی مەولەوی کە بۆ «فەخرولعولەمای سنەیی» نووسیوە زۆر بەرچاوترە. ئێمە لەم وتارەدا جیا لە لێکۆڵینەوە لەسەر جیاوازییەکانی ئەو نامەیە کە بۆ فەخرولعولەمای نووسیوە، بەشێک لەو نامانە دەخەینە ڕوو کە تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی دەستنووس یان چاپکراودا نەهاتوون.

کلیل واژەکان: دەستنووسی کوردی، کەریمبەگی جاف، مەولەوی، نامەکانی مەولەوی.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): رزگار تەیب محەمەد جەباری**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٠**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر**
**بڕوانامە (الشهادة): بەکالۆریۆس**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي)**
**پیشە (الوظیفة): ئەندازیار**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): کۆمپانیای ساردکار**

## باس و شیعری مەولەوی لە دەستنووسێکی بڵاونەکراوەدا (کەشکۆڵی عەبدولقادری فاوەجی)

ڕزگار طیب محمد (ڕزگار جەباری)

**پوختە:**

مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢ز) تاقە شاعیری کوردە، کە دەقە شیعرییەکانی لە زۆرترین کەشکۆڵدا تۆمارکراون و بە هەموو ئەو دەڤەرانەی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە؛ کە بەر شەپۆلی قوتابخانەی شیعری کوردیی گۆرانی کەوتوون. تەنانەت بەشێکی لەم دەستنووسانە گەیشتوونەتە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ئەورووپی. مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی (١٩٤٩ز) لە کۆکردنەوە و چاپکردنی دیوانەکەیدا، سوودی زیاتر لە (٤٨) دەستنووسی دیوان و کەشکۆڵ و بەیاز وەرگرتووە. بەڵام لەدوای ئەم هەوڵەشەوە، لێرەولەوێ کەشکۆڵی دیکە بەردەستکەوتوون و بەدڵنیاییەوە هی دیکەش هەن کە شیعری مەولەوییان تێدابێت و ڕەنگە شیعری نەدیتراویشیان تێدا بێت. بۆ نموونە بوونی کەشکۆڵێکی دەستنووس، لە میرات و یادگارییەکانی کتێبخانەی تایبەتیی مامۆستا (جەوهەر جەباری)ی شاعیر لە شاری کەرکووکدا ماوەتەوە و تاکوو ئێستا ساغ نەکراوەتەوە. ئەم کەشکۆڵە لە نووسینی (عەبدولقادر کوڕی عەبدوڕەحمانی فاوەجی)یە و لە ساڵی (١٨٩٦ز) تەواوی کردووە. جگە لە چەند شیعرێکی مەولەوی، ژمارەیەک بەرهەمی شیعریی دیکە بە زمانی کوردی (کوردیی ناوەندیی و کوردیی گۆرانی) لەخۆدەگرێت. وێڕای دوو کورتە پەخشان بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی و چەند پەراوێزێک. شیعرەکانی مەولەوی بەگشتی دیتراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هەندێ جیاوازییان هەیە و کەرەستەی بەراووردکردنە. ئەوەی جێگای بایەخە لە شیعرێکی ئەم دەستنووسەدا کە هی شاعیرێکی هاوچەرخی مەولەوی بووە، ئاماژە بە مەولەوی و دیوانەکەی کراوە. لەم توێژینەوەیەدا وێڕای ناساندنی دەستنووسەکە و بەراووردکردنی شیعرەکانی مەولەوی لەگەڵ تەواوترین و تازەترینی چاپی دیوانەکەی، لەسۆنگەی بوونی ئاماژە بە مەولەوی لەم شیعرە نەدیتراوەدا، باسی ڕەنگدانەوەی پێگەی مەولەوی دەکەین لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخیدا، وێڕای چەند زانیارییەک لە شێوەی ئامار لەبارەی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە.

وشەی کلیلی: کەشکۆڵی فاوەجی، شیعری کوردی، مەولەوی، مەعدووم.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): محەممەد عەبدولی
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٦
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا
پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی تاران

## محەممەد حەسەن شەریف ئاوایی یەکەم کۆکەرەوەی دیوانی مەولەوی

محەممەد عەبدولی
دکتۆرای فیقهی ئیمامی شافیعی - تاران
سەرنووسەر و مودیری گۆڤاری کەشکۆڵ - مەهاباد

نووسـەرانی دەستنووسـەکان پیاوانـی نـاودار و دیـاری مێـژوو و کولتـووری ئێمـەن، کـە میراتی نووسـراومان قـەرزاری هەوڵـی ئەوانـە. بەداخـەوە نـاو و نیشـانەی ئـەم کۆمەڵـە داهێنەرانـی بەرهـەم لە ژێـر تۆزی پشتگوێخسـتن بـە نادیـاری ماوەتـەوە و مەخابـن تەنانەت لیسـتی کورتی نـاوی نووسـەرانی دەستنووسـەکانمان لا نییـە. بەشـداری نووسـەرەوەکان لـە گواسـتنەوەی مەعریفـە و کولتوور و شارسـتانیەتدا ئەوەنـدە بەرچاوە کـە هەندێک جار بەهـای بەرهەمەکانیان دەگاتـە بنچینـەی دانـەری بەرهەمەکە. لـە کتێبخانـەی نیشـتمانی بەرلین

بەشـێک لـە شـیعرەکانی مەولـەوی بـە دەسـتی کەسـایەتێکی لێهاتـوو و وردبیـن لـە بنەماڵەی مەردوخـی لـە سـەرەتای سـەدەی ١٤ی کۆچی مانگیـدا نووسـراوەتەوە.

ئەم دەستنووسـە ناوازەیـە لە ڕوانگەی زانیاری ئەدەبـی و مێژوویی و میراتییەوە گرنگە و لەسـەر بنەمـای ئـەو دەستنووسـە، دەتوانرێـت هەندێـک پەیوەنـدی ڕێژەیـی سـەبارەت بـە بنەماڵەی مەردوخی دەستنیشـان بکرێت و شـوێنپێی بکەوێـت. جگە لەوەش ئەم کارەی ئێسـتا لە ڕوانگەی ئـەو تێبینـی و زیادکـردن و پەراوێزانـەی کـە هەیەتـی بـۆ ناسـینی ژیانـی مەولـەوی و جوگرافیای چالاکییەکانـی زۆر گرنگە.

وشەی سەرەکییەکان: مەولەوی، مەردۆخی، دەستنووس، ڕاستکردنەوە، ساغکردنەوە.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ئالاء دارا عەبدولمەجید**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٨**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): کۆیە**
**بڕوانامە (الشهادة): ماستە ر**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی کۆیە**


## کارمای ئیستاتیکی وعیرفانی پۆزەتیف و ژیانەوەی ڕۆح بە نموونەی شیعری مەولەوی

م. ئالا دارا عبدالمجید
بەشی زمانی کوردی /زانکۆی کۆیە

**پوختە :**

لەجیهانی ماندوو و ڕووە و چڵە پۆپەی تەکنەلۆژیا، بوونی مرۆڤیش وەکو بەشێکی کاراو باڵکێشراو بەسەریدا مرۆڤ لە خۆشییەکی چرکەیی و پەشیمانییەکی هەمیشەییە چونکە لە ڕووی دەروونییەوە هانا بردراوەتە بەر بەهێزکەر و دڵخۆشکەرە کاتییەکان. هێز لەمرۆڤدا کز بووە لە ڕووخسار لە بازوو لە کانگەی هەست و دەربڕی ویژدان و سۆزەکانی «دڵ و مێشك «یش. سەردەمانێکە لە ئاستی جۆراوجۆر هەوڵی بەدەست هێنانەوەی هێزوپڕکردنەوەی ئەولاوازیەدراوە. هەبووە لە پەنای فیترەت و هەبووە لە سێبەری بیروباوەڕی داهێنراوو هەشە تەنانەت ڕووی لە شەڕانگێزی کردووە بۆ هێنانە دی ئەو مەبەستە. ئینجا لە ژێر چەندەها زاراوەو بەرنامەو کارکردنی ئاڵۆزو نهێنی و ئاشکرا. ئەو گەڕانە بەدوای هێزی ڕۆحی و ڕاستکردنەوەی مردنی ویژدانی و ئەرێنی هەستپێنەکراوی مرۆڤەکان هەوڵی بۆ دراوە. کارما یان توانا و هێزی ڕۆح کە لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکی ترو لە هەڵگری ئایدیایەکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێت. لە جیهانی ئەمڕۆدا کاری لەسەرکراوە . هەبووە هێزی لە دیمەن، تێڕامان، بوونی خۆشوستراو وەرگرتووە. لێرەدا لەم توێژینەوەیە جیاواز لە ڕووی جیهانبینیشەوە کارما لە بنتی بیری ئەدەبیاتەوە وەردەگرین و وەکو توانابەخشێکی بە هێزی ڕۆحانی دەڕوانینە ئەدەب. ئینجا نەوازەیی و ڕزگاری و باڵایی ئەو هێزە دەدۆزینەوە و دەیدەینە دەست هەرچی لاوازە، هەرچی سەری لە بنیادە بیری و دەروونییەکان دەرنەچووە بیکاتە بەرنامەیەك بۆ گەیاندنی خزمەتەکەی. لێرەوە جوانتر لەوەی ئەدەبمان ناسیوە دەبێت سەرلەنوێ وەکو سەرچاوەیەکی بەدەست هێنانی کارمای پۆزەتیف لێی بڕوانین. لەجۆری ئەدەبیات و ئایدیا و جۆری ئەو کارمایایەی بەدەست دێت. ئەدەبیاتی مەولەوی شاعیریش گەنجینەیەکی هێزی ڕۆحانی ڕاستەقینە و ئاسمانییە کە بتوانین کارمای ئیستاتیکی پۆزەتیفی لێوە بەدەست بهێنین .

کلیلە وشە : ئەدەب ، فەلسەفەی هێزی ڕۆحانی ، شیعر ، مەولەوی .



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ئارام عومەر عەلی**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٢**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها) : زانکۆی هەڵەبجە**

## ئیستاتیکای دەق لە شیعری بۆنەی (مەولەوی)دا

د. ئارام عومەر عەلی
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور/ زانکۆی هەڵەبجە/ هەڵەبجە/ هەرێمی کوردستان/ عێراق

### پوختەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (ئیستاتیکای دەق لە شیعری بۆنەی «مەولەوی»دا)، لەسەر دوو تەوەر کاردەکات، لەلایەك تێڕوانینی هەمەلایەنە دەربارەی چەمکی شیعر بە گشتی و شیعری بۆنە بەتایبەتی نیشاندەدات، لەلایەکی تر باسێك لە بارەی ئیستاتیکای دەق و لایەنی جوانی دەقی شیعری بۆنە دەخاتەڕوو، دیارە ئیستاتیکا، جوانی دەق و چێژە هونەییەکەی دەق بونیات دەنێت، شیعریش وەك ژانرێکی ئەدەبی خاوەنی کۆمەڵێك بنەماو تایبەتمەندیە لە ڕەگەز، جوانی، چێژو سۆز..هتد و لە پێکهاتەکەیدا بەها و نرخی ئیستاتیکی هەیە.

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتیی پایەو نرخی دەقە شیعرییەکانی (شیعری بۆنە)ی مەولەوی لەڕووی هونەری و جوانییەوە نیشاندەدات و تێگەشتنی گشتی لەبارەی شیعری بۆنەوە ڕاستدەکاتەوە، زمانی بەرزی شیعری، وێنەی شیعری، هێمای شیعری لە نێو ئەو دەقانەدا دەکاتە چەقی خستنەڕووی ئەو ڕاستییەی کە شیعری بۆنە، وەك هەر جۆرێکی تری شیعری خاوەن سیماو خەسڵەتی تایبەتی ئیستاتیکییە، ئەگەر ئیستاتیکا هونەری بوونی دەق لەڕووی چێژو جوانییەوە دیاری بکات، ئەوا ئەم حاڵەتە بەڕوونی بە تانوپۆی دەقە شیعرییەکانی مەولەوییەوە دیارو بەرچاوە.

کلیلە وشە: (ئیستاتیکا، دەق، زمانی شیعر، وێنەی شیعری، مەولەوی، شیعری بۆنە).



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): د. ڕێبوار محمد اسماعیل
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٣
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سەلاحەدین

## بنیاتی قووڵی دەق لە شیعری مەولەویدا لە ڕوانگەی خوێنەرەوە

پ.ی.د. ڕێبوار محمد اسماعیل (مەلازادە)
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی

### پوختە

ئەم ناونیشـانەی سـەرەوە توێژینەوەیەکە، لەسـەر بنیاتی قووڵ و ئاستی شـیعرەکانی مەولەوی، بـە جۆرێک کە لـە بەرامبەر خوێنـەر و جۆرەکانی خوێنەردا چۆن خـۆی دەنوێنێت.

توانـای مەعریفـی و هونەریـی شـاعیر کاریگـەری بەسـەر بنیاتی شـیعر و ئاسـتی دەقـەوە هەیە، بوونـی دەقیـش بە پێی قووڵی بنیاتـی هزریی و هونـەری، چەمکێکی نوێ دێنێتە ناو پرۆسـەکەوە، کـە بریتییـە لە جـۆری خوێنەر و ئاسـتی خوێنەرەکـە. زۆرجار بـە هـۆی ناتەریب بوونی ئاسـتەکانی دەق و ئاسـتی خوێنـەر، خوێندنـەوە هیـچ بەرهەمێکی نابێت، لـە ڕوانگەی تیـۆری وەڵامدانەوەی وەرگریشـەوە خوێندنـەوە دەبێـت لێکەوتـەی تری بـەدوا دابێت و دەقـی نوێ بەرهـەم بهێنێت، بۆیـە ئەو دەقـەی خاوەنی بنیاتێکی قووڵن پێویسـتیان بە خوێنەری ئاسـت باڵا و شـارەزا هەیە، بۆ ئـەوەی دەقـەکان لێکبداتەوە و کێشـەی ناتەریب بوونی ئاسـتەکان چارەسـەر بکات.

بەشـێوەیەکی گشـتی لێـرەدا ئامـاژە بە شـیعری مەولـەوی کـراوە وەکو دەقی ئاسـت بـاڵا، کە لەلایـەن خوێنەری شـارەزاوە کاری لەسـەر کـراوە بۆ ئـەوەی لەم ڕێگەیـەوە بە خوێنەری ئاسـایی بـگات. ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو بەشـی سـەرەکی پێکدێت، لـە بەشـی یەکەمدا بە شـێوەیەکی تیۆری باس لە بنیاتی دەقی ئەدەبی و ئاسـت و جۆرەکانـی دەق و جۆرەکانی خوێنەر و ئامرازەکانی تێگەیشـتن لـە دەقی شـیعری دەکرێت. لەبەشـی دووەمدا باس لـە تایبەتمەنـدی بنیاتی قووڵی دەقی شـیعری مەولەوی دەکرێت، ئینجـا خوێندنەوەی بنیاتی قووڵی شـیعری مەولەوی لەلایەن خوێنـەری شـارەزاوە دەخرێتـە بەرباس و دواتر بـاس لە ڕێگەکانی تیگەیشـتنی خوێنەری ئاسـایی دەکرێـت لە شـیعری مەولەویدا. لـە ئەنجامدا ئـەوە خراوەتەڕوو کـە خوێنەری ئاسـایی لە ڕێگەی خوێندنـەوەی بەرهەمـداری خوێنەری شـارەزاوە دەسـتی بە بۆشـاییەکانی دەقـەکان دەگات. لە کۆتایشـدا ئاماژە بە سـەرچاوەکان کراون.

کلیلە وشەکان: بنیاتی دەق، خوێنەری شارەزا، لێکدانەوە، دەقی قووڵ، خوێنەری ئاسایی.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ڕەوەند ساڵح حەسەن**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٠**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): ماستەر**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي) -**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستا**
**شوێنی كار (المؤسسة التی یعمل فیها) ئامادەیی بازرگانی سلێمانی ئێواران**

## -مەولەوی و دەلالەتەکانی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

ڕەوەند ساڵح حەسەن
سلێمانی/ هەرێمی کوردستان | ماستەر لە ئەدەبیاتی فارسی/ زانکۆی کوردستان

**پوختە:**

مێژووی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ژمارەیەک شاعیری پێشەنگ و داهێنەر لەخۆدەگرێت. پێگەی ئەم شاعیرانە هەم لە بەرهەمی شاعیرانی هاوچەرخی خۆیاندا ڕەنگی داوەتەوە و هەمیش لەنێو شیعری مۆدێرنی کوردیدا. ((مەولەوی)) شاعیری داهێنەر و دوانوێنەری مەزنی قوتابخانەی شیعری زاری گۆرانی، لەدوای نالییەوە پلەی دووەمی هێناوەتەوە، لە ئاماژەدان بە ناوی لەنێو بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا. بێکەس ئەگەرچی خۆی میراتگر و درێژەپێدەری قوتابخانەی بابانە بەڵام تا ئاستێک هاوشان بە ((نالی))، ((مەلەوی))یشی وەکوو دالێک بەکارهێناوە. ئەگەرچی وا دەخوێنرێتەوە کە نالی شۆڕشی بەسەر قوتابخانەی دێرینی گۆرانیدا کردووە و مەولەویش وەکوو نوێنەری ئەو قوتابخانەیە بەرگری لێکردووە، هەر بۆیە لەنێوان ئەو ژمارە زۆرەی نامەشیعرییەکانی مەولەوی لەگەڵ دۆستانی شاعیریدا هیچ باسوخواسێکی نالیی لەلا لەئارادا نییە. وەکو ئەوەی مەولەوی پرۆژەکەی نالیی بەدڵ نەبووبێت! بەڵام شێرکۆبێکەس لە دەرەوەی ململانێی ئەو بزاوتە شیعرییانەی ئەو سەردەمەوە، نالی و مەولەویش وەکو دوو داهێنەری گەورەی شیعری کوردی، بۆ ئامانج و مەبەستی جیاواز دەیانکاتەوە بە دالی شیعری و دەلالەتی جیاوازیان لێ بار دەکات.ئەو ئاماژە زۆرەی بێکەس وەکو شاعیرێکی نوێخواز بۆ مەولەوی وەکو شاعیرێکی کلاسیک کە تەنانەت لە دەرەوەی بازنەی زاری خۆیەتی، واتای گەورەیی مەولەوییە لای شاعیر و زانیاریی و ئاگایی شاعیرە لەبارەی پێگەی مەولەوییەوە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. بێکەس لە کۆی شیعرەکانی ساڵانی سەرەتای نووسینی هەتا ساڵی١٩٩٩ بە نزیکی (٣٩) جار و لە (٣١) دەقی خۆیدا ئاماژە بە ناوی مەولەوی دەکات. ئەڵبەتە ئەم ئاماژانە خاڵی نین لە ئەفراندنی واتا و هێمای شیعری. بێکەس دێڕەشیعرێکی مەولەوی دەکات بە دەروازەی چامەیەکی خۆی و لە وتاری پێشەکیی بەرهەمێکیدا باس لە پێگەی مەولەوی دەکات و ئەوانی دی هەموو لە دەقە شیعرییەکانیدا هاتوونە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە دەلالەتەکانی ئەم هێمایانە بە میتۆدی وەسفی-شیکاریی ڕاڤە بکەین.

وشەی کلیلی: دەلالەت، شیعر، مەولەوی، شێرکۆبێکەس.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): حسێن حەسەن کەریم**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٥٤**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): ماستەر**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدە دە ر**
**پیشە (الوظیفة): خانەنشین**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): خانەنشین**

## چەکامەی (الفضيلة)ی مەولەوی: ملکەچکردنی ستاتیکای زمان بۆ باڵایی عەقیدە- چەند نمونەیەکی هەڵبژێردراو

پ. ی. م. حسێن حەسەن کەریم
زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان / بەشی دیراساتی ئیسلامی

### پوختە

لەم توێژینەوە سنوردارەدا دامەزراوەی ئیمانی مەولەوی بەخوای گەورە و ئاینی پیرۆزی ئیسلام و شوێنکەوتنی تەواوی ئەو زاتە بۆ قورئان و سوننەتی بێگەردی پێغەمبەر (د.خ)دەبینین. هەروەک ئاستی بەرزی زانستی مەولەوی لە زمانی عەرەبی و زانستە ئیسلامییەکاندا بە تایبەتی لە زانستی بنەماکانی ئاین (زانستی کەلام) و ڕەوانبێژی عەرەبیدا ئاشکرا دەردەکەوێت. دەبینین مەولەوی لە پلەی باڵای داهێنانی ئەدەبیدا دەردەکەوێت بە تایبەت کە شاکارەکەی (الفضيلة) دەخوێنیتەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو بەرهەمەی لە لوتکەی داهێنانیەتی لە بواری شیعری فێرکاریدا هەرگیز نموونەی وا نابینین لەناو دانراوەکانی زانایانی تەواوی جیهانی ئیسلامی. بە هۆکاری ئەوەی ئەم بەرهەمە ورد و درشتی بابەتەکانی زانستی کەلامی لەخۆگرتووە، لە چوارچێوەی شیعرێکی فێرکاریدا، بە زمانێکی بەرزی ئەدەبی و ڕەوان و سەرنجڕاکێش، هەروەها لە چوارچێوەی هەموو ئەو واتا بڵند و عەقیدە پیرۆزانەی پەیوەستن بە زاتی خودای گەورە و سیفەتە مەزنەکان و کردارە ژیرەکان و قەزا و قەدەر و پێغەمبەرایەتی و پاشکۆکانیانەوە، لە نێو بەیتەکانی چەکامەکەیدا بەجۆرێک تێئاخنی کردووە تێئاخنینێکی سەخت، کە تەنانەت کەڵەشاعیرانی داهێنەر لە بواری شیعری فێرکاریش ناتوانن دەرەقەتی بێن. هیچ شتێک نەماوە لە زانستی ڕەوانبێژی عەرەبی بە هەرسێ بەشەکەی (مەعانی وبەدیع و بەیان) لە چەکامەکەیدا ڕەنگی نەدابێتەوە، تەنانەت لە ئاڵۆزترین و نادیارترین دێڕە شیعرییەکانیشدا. کێ دەتوانێت نەفی کات و شوێن بکات سەبارەت بە زاتی خودا بە وێنەی حەزرەتی مەولەوی کە دەفەرموویت:

| | |
|---|---|
| وكان آن كان كان ليسا | ثوى بحيث ليس حيث أيسا |

یاخود:

متی متی؟ حتی أتی علیه؟ من أین أینٌ ینتمي إلیه؟

یاخـود نەفیکردنـی چەندایەتی و چۆنایەتی (الکمیة والکیفیة) سـەبارەت بە زاتـی پەروەردگار لەم دێڕەدا:

هل ساعدٌ یصله في کُمّ گم؟ فکیف لا کیف مع الکیف یُضم؟

مامەڵەکردنـی لەتـەک پرسـەکانی پێغەمبەرایەتـی بـە گشـتی و تەفرەنجەدانـی (ترکیز) لەسـەر سـیفەتەکانی پێغەمبەرمـان محەمـەد (د.خ)، یەکێکـە لـە هـەرە نایابتریـن شـاکارەکانی ئەوەی لەسـەری نووسـراوە بـەم داهێنانـە ڕەوانبێژییانە.

ڕەوانبێژیـی عەرەبـی و ڕێسـاکانی ڕێزمـان (النحـو) و مۆرفۆلـۆژی و زاراوەکانـی زانسـتی کەلام و عەقیـدە لەگـەڵ بابەتگەلێکی ئاڵۆزی عەقیـدەی کەلامی هاوئاهەنگن، کە بۆ زۆر کەس ئەسـتەمە تێبگـەن. مـن ناڵێم بـە هیچ شـێوەیەک کەس بەم شـێوەیە مامەڵە لەگـەڵ ڕەوانبێژییـدا ناکات، بـەلام دڵنیام هیـچ کەسـێکی وەک مەولـەوی توانـای ملکەچکردنـی ڕەوانبێژیی نییە بـە هەموو لقەکانیـەوە، سـەرباری ڕێزمـان و مۆرفۆلـۆژی، بـە شـێوەیەکی داهێنەرانـە لـە چوارچێـوەی هۆنینـەوەی زانسـتی کەلامدا. ئەمە لە ڕوانگەی متمانەمەوەیە بە واقیعی و دڵسـۆزی سـەبارەت بـەوەی دەیڵێم.

وشە کلیلیەکان:

: سیفاتی پەروەردگار، ڕەوانبێژیی، بینین، زاتی پەروەردگار.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ئەمیر ڕەفیق عەولی موستەفا
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٢
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سۆران

## کاریگەریی هاودەنگ بەسەر جوانیی پێکهاتە زمانییەکان لە هۆنراوەی (الفضیلة) ی مەولەویدا

أ.د. أمير رفيق عولا المصيفي
جامعة سوران- فاكلتي الآداب

کاریگەریی هاودەنگ بەسەر جوانیی پێکهاتە زمانییەکان لە هۆنراوەی (الفضیلة) ی مەولەویدا

مامۆستا عەبدولڕەحیم (مەولەوی) لە هۆنراوەی (الفضیلة) دا، کە دە ربارە ی بیروباوەڕی ئیسلامیە لەڕووی ڕۆنانی پێکهاتەکان و هەڵبژاردنی وشەکاندا، زمانەکەی زۆر بەرزە. زۆر بەوردی بەدوای وشەی پەتی و قەشەنگ گەڕاوە و خستوونیەتە ناو دێرەشیعرەکانییەوە. ئەمەش ڕەوانی و جوانی بە هۆنراوەکە بەخشیوە و لەکاتی خوێندنەوەیدا، دڵ و دەروونی مرۆڤ دۆشدادەمێنێت. هەروەها شیعرەکەش بەئاسانی لەبەردەکرێت و لێیتێدەگەیت. ئەم توێژینەوەیە هەولدەدا تیشك بخاتە سەر هاودەنگی وشەیی، کە بەهۆیەوە جوانیی پێکهاتەکان لە هۆنراوەکە ڕەنگیداوەتەوە. ئەمەش لە ڕێگای وشەهاودەنگییەکان و کێش و دارشتە وشەسازییەکان و پێکهاتەئاخاوتنیە هاوسەنگییەکانەوەیە.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی هاودەنگی وشەیی و بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی هاودەنگی وشەسازییە.

وشەکلیلیەکان: هاودەنگی وشەیی، جوانیی پێکهاتە، مەولەوی،(الفضیلة)



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): همایون صاحب کریم
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٤
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەڵەبجەی شەهید
بڕوانامە (الشهادة): دیپلۆم
پلەی زانستی (اللقب العلمي): -
پیشە (الوظیفة): مامۆستا
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها):
قوتابخانەی شەپۆلی بنەڕەتی.هەڵەبجەی شەهید

## فەرهەنگی شیعری مەولەوی

همايون صاحب كريم
قوتابخانەی شەپۆلی بنەڕەتی.هەڵەبجەی شەهید

نموونـەی خسـتنە رووی کارێکـی فەرهەنگییـە لـە ئەزموونـی شـیعری مەولەویدا.بەگوێـرەی پیتەکانـی ئەلفبێـی کوردیی.بـە لێکدانـەوەو نموونە هێنانـەوە بۆ ئـەو چەمـک و زاراوە ئەدەبی و عرفانیانـی و داسـتانیانەی مەولـەوی لەشـیعرا بەکاری بـردوون و لـە زمانی کـوردی و ئەدەبیاتی گۆران توانیویەتی مەرامەکانی خۆی لە ڕێی وشـەی خۆماڵییوە دەرببڕێت.لە ڕێگەی قاموسـەکەوە هەوڵەکانی تێکەڵکردنی زار و بنزارەکان؛ دەسـەڵاتی مەولەوی لە ڕەوانبێژی و ڕیشـەی مۆسـیقی و میراتـی زاگرۆسـی خراوەتە ڕوو.کارەکە بە چەنـد بەرگێک تەواو دەبێت. پەیـڕەوی چەند میتۆدێک کراوەو بـە میتۆدی ئاوێتـە فەرهەنگەکە تـەواو دەبێت.




**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٧**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستا**
**شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): زانکۆی سلێمانی**

## هاوبێژی و فرەواتایی مۆرفیمی [نە] لە دەقی شیعرەکانی مەولەوی دا

د. عوسمان کەریم عبدلڕەحیم
بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی

### پوختە

توێژینەوەکـە بـە ناونیشـانی (هاوبێـژی و فرەواتایـی مۆرفیمـی [نـە] لـە دەقـی شـیعرەکانی مەولـەوی دا) هەوڵێکـە بۆ شـیکردنەوەی بەشـێک لـە شیعرەکانی (سـەید عەبدولڕەحیمی مەلا سـەعید)، کـە بە (مەولەوی) ناسـراوە و خۆیشـی نازنـاوی (مەعدوومی) بۆ خـۆی هەڵبژاردووە، بـە تایبەت ئـەو دەقە شـیعرییانەی، کە مۆرفیمـی [نە]یان تێدایـە، شـرۆڤەیەکی زمانەوانییە، بە پێـی ئاسـتەکانی مۆرفۆلۆجی و سـینتاکس و سـیمانتیک، لێکدانـەوە بۆ ئەم مۆرفیمـە دەکرێت، ئەگەرچـی ئەم مۆرفیمە لە شـێوەزاری هەورامیدا، کە زاری دەربڕینی شـیعرەکانی (مەولەوی)یە، توێژینەوەکـە لـە دوو بـەش پێکدێت: یەکەم بـەش لایەنـە تیۆرییەکانی توێژینەوەکەیـە، کە خۆی لە ناسـاندنی هاوبێـژی و فرەواتایی دەبینێتـەوە، جیـاوازی و لێکچوونیان دەخرێنـە ڕوو...، دووەم بـەش بـۆ شـرۆڤەکردنی مۆرفیمەکەیـە لـە دەقـە شـیعرییەکانی مەلـەوی دا، هاوکات شـرۆڤە سیماسینتاکسـییەکانی بەکارهێنانـی مۆرفیمـی [نە] وەک پێشـناو (preposition) و پاشـان لە ڕووی مۆرفۆلۆجییـەوە وەک ئامـرازی گەردانکـردن، کـە ئەویـش نەرێکردنـی کـرداری ڕابردووە لـەو شـێوەزارەی زمانـی کوردیـدا، واتە ئـەم مۆرفیمـە هەندێکجـار وەک هاوبێـژ دەردەکەوێت، هەندێکجاریـش وەک فرەواتـا خۆی نماینـدە دەکات.




ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): دڵزار حەسەن قادر
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٥
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر
بڕوانامە (الشهادة): دپلۆم
پلەی زانستی (اللقب العلمي): توێژەر
پیشە (الوظيفة): نووسەر
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): ناوەندی توێژینەوە

## گوتاری نوێگەری لەدونیای ئەدەبی مەولەویدا ،نموونەی تێگەیشتن لەچەمکی عیشق (خوێندنەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان مەولەویی و بێسارانی)

دڵزارحەسەن قادر - (دڵزارحەسەن)
ئاستی خوێندن: دبلۆم لەخوێندنی ئایینی - بکالۆریۆس لەبەراوردی ئایینەکان

### پوختە

ئەگەر دیرۆکی یەکەم دەقی ئەدەبی لەپیر شالیارەوە دەستنیشان بکەین تێدەگەین، کە زیاد لە هەزار ساڵ کەم نییە بۆ میژووی تێکست. هەرچەندە مێژووی مامەڵەی کورد لەگەڵ کاغەز و چاپدا زۆر زۆر نییە، بەڵام ئەگەر چاوێکیش بەو میراتە دابخشێنینەوە چاومان بە زۆر دەقی جیاواز دەکەوێ. سەبارەت بە «چەمکی بەراوردکاری» گەڕاومەتەوە سەر کتێبی «ئەدەبی بەراوردکار» یەکەی ڕەوانشاد دکتۆرعەزیز گەردی. نووسەر پێیوایە پرۆسەی ئەدەبی بەراوردکاری تەنها لەنێوان دوو گەل و نەتەوەدا ڕوودەدات، کە کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە. لە لاپەڕ ١٥ – ١٦ کتێبەکەی تێڕوانینێکی نووسەری عێراقی «عەبدولموتەڵیب ساڵح» ١٩٢٨ – ١٩٩٦ لە پەرتووکی (دراسات في الادب والنقد المقارن - ل ٤١) دەهێنێتەوە و دەڵێت: ئەدەبی بەراوردکاری یانی»کارتێکردن ، وەرگرتن ، پەرەسەندن» بەو فۆرمەبێ ئەوەی مەولەوی و بێسارانی هەمان دۆخیان هەیە، مەولەوی نایشارێتەوە کاریگەری شیعرەکانی بێسارانی بەسەرەوەیەو بە ئاشکرا ناوی وەك «مەولای» خۆی دەهێنێ. ئەو کاریگەرییەشی تەوزیفکردووە لەشیعرەکانی، بەڵام لەخاڵی کۆتاییدا کەچەمکی (پەرەسەندن)ەکەیە، مەولەوی پەرە بە دونیای ئەدەبی خۆیەداو لەختە گشتییەکە و فۆرمی ئەدەبی بێسارانی جیا دەبێتەوە و دەبێتەوە بە خۆی.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب):**
**عادل محەمەدپوور یوسف**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٥٧**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران**
**بڕوانامە (الشهادة): ماستەر**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي) -**
**پیشە (الوظیفة): خانەنشین**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها) -**

## لێکدانەوەی پۆلێک مۆتیفی هاوبەشی مەولەوی و بێسارانی لە تەرازووی ئەدەبی بەراورددا

عادڵ محەمەدپوور یوسف
مەستەری زمان و ئەدبیاتی فارسی، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، بەرپرس و خاوەن ئیمتیازی و سەرنووسەری گۆڤاری زرێبار، مامۆستای خانەنشین

**پوختە:**

تان و پـۆی ئـەم توێژینـەوە، بـەراوردکاری و لێکدانـەوەی بەشـێک لـە مۆتیفەکانی بێسـارانی و مەولـەوی تاوەگۆزیـن. ئـەم مۆتیفانـە وێڕای جیاوازیی شـێوەی دەربڕیـن و تـەرزی دنیاوینی، تا ڕادەیـەک لە سـیاقدا پێکـەوە نزیکـن و وێنایەکن بـۆ وێژمانـی نێواندەقیی دوو شـاعیر. ئەگەرچی ئـەم مژارە بەربڵاوە و بەدواچوونی زۆرتری پێویسـتە؛ بـەڵام هەر ئەم پۆلە وێنە و وێنـای واتاکانیان دەتوانـێ دەسـتبارێک بێـت بـۆ ناسـینی کارکـردە هونـەری، زمانـی و هزرییـەکان و ڕێبـردن بـە چەشـنی کاردانـەوە و کارتێکردنیـان. لـە دووتـۆی دەقەکانـی مەولـەوی تاوەگۆزیـدا، هەندێک نیشـانە و مـادەی ئەدەبـی وەک دیمەنـی زاڵـی ئەدەبی دەبینرێـن کـە کارتێکردنی بێسـارانی بە سـەر ئەم شاعێرەوە نیشـان دەدەن. سـەرەڕای ئەمەش، دەردەکەوێت کە شـێوەی دەربڕینی بێسـارانی سـاکار و شـێوازی مەولەوی قووڵتـر و فرەڕەهەندەتـرە. خاڵێکیتر کە شـیاوی ئاماژەیە؛ هەر دوو شـاعیر لە ڕەوتی شـیعری کوردیدا خاوەن ڕێبـاز بوون و کاریگـەری و کاردانەوەی زمانی، ئەدەبـی و هزریـی باشـیان لە پێکهاتـەی پێکهاتەکانی مێژووی ئەدەبـی داناوە.

وشەی سەرەکی: ئەدەبی بەراورد، مۆتیف، شێوازناسی، کاریگەری، وێنەی هاوچەشن



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): سامی سەعید محەمەد دیهقانی
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٤
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئیران
بڕوانامە (الشهادة): ماستەر
پلەی زانستی (اللقب العلمي): ڕاهێنەری زانکۆ
پیشە (الوظيفة): پارێزەر
شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): سەندیکای پارێزەرانی کوردستان


## ئاوڕدانەوەیەک لە پێوەندی مەولەویی کورد لەگەڵ زانایان و ناودارانی شاری سنە بە پشت بەستن بە بەڵگە تازە دۆزراوەکان


سامی سهعید محەممەد دێهقانی
ماستەری یاسای تاوان، پارێزەری دادپەروەری، ئێران، کوردستان، سنە


### پوختە

سەیدعەبدولڕەحیم ناسراو بە مەعدووم و بەناوبانگ بە مەولەوی کورد کوڕی سەید سەعید، لە نەوەکانی مەلا ئەبووبەکری موسەننیف لە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی مانگی بەرانبەر لەگەڵ ١٨٠٦ی زایینی، هاوکات لەگەڵ حوکمەتی ئەمانوڵڵاخانی ئەردەڵان لە سنە و خالید پاشا لە میرنشینی بابان، لە گوندی سەرشاتە لە ناوچەی تاوگۆزی کوردستانی عێراق (باشوور) لە دایک بوو. ناوبراو لە خزمەت باوکیدا و لە گوندەکانی «خانەگا»ی پاوە و «چۆڕ»ی مەریوان سەرەتاکانی زانستە ئایینیەکان فێر بوو، پاشان چوو بۆ سنە و لە مزگەوتی دارۆغە لە خزمەت مەلا محەممەد مینبەری درێژەی دا بە خوێندن. دوای ئەوە سەردانی قوتابخانەکانی زانستە ئایینیهکانی دیکەی کوردستان لە شارەکانی بانە، سلێمانی، حەڵەبجە و جوانڕۆی کرد و جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ سنە و ئەمجار لە مزگەوتی دارولئیحسان لە خزمەت شێخ عەبدولقادری موهاجیر خوێندن زانستە ئایینیهکان تەواو کرد و لەئاکامدا لە سلێمانی لە لایەن مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشەیی ئیجازەیٚ مەلایەتی وەرگرت. مەولەوی چەند جارێکیتر سەفەری کرد بۆ سنە؛ جاری یەکەم بە ئەمری شێخ عوسمانی سیراجەددینی نەقشبەندی هاوڕێ لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی و مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی چوونە خزمەت غوڵام شاخانی ئەردەڵان و جارێکیتر بۆ سەردانی یەکێک لە کۆنە هاوڕێهکانی کە نەخۆش بوو، لە سنەوە چوو بۆ ناوچەی ساراڵ. هەروەها مەولەوی پهێوەندی دۆستانە و نامەگۆڕینەوەیٚ لەگەڵ زانایان و ناودارانی سنە وەکوو: مەلا محەممەدی فەخرولعولەما، فەرهاد میرزا والیی سنە، مەلا حەمزەیٚ حەکاک و مەلا فەتحوڵڵایٚ قازی هەبووە کە لەم وتارەدا دەپەرژێینە سەر شرۆڤەی دۆستایەتی و ئاموشۆی ئەوان.


لـەم توێژینەوەدا هەوڵ دراوە بە شـێوازی وەسـفی - شـیکاری و بە کەڵکوەرگرتن لە سـەرچاوە کتێبخانەییـەکان و بە پشتبەسـتن بە بەڵگە تازە دۆزراوەکان، ئاموشـۆیٚ مەولـەوی کورد لەگەڵ زانایان و ناودارانی سـنە لێـک بدەینەوە.

وشـە سـەرەکییەکان: مەولەویکورد، سـنە، دارولئیحسـان، مزگەوتیدارۆغە، ناوداران، بەڵگە تازە دۆزراوەکان.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): موعته سه م هادی وه جه دین هاشمی**
**ساڵی له دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٥١**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئیران**
**بڕوانامه (الشهادة): دپلۆم**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): -**
**پیشه (الوظیفة): نوسه ر**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها):**

**پوختەی توێژینەوەی نیه**



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): د.ئاراس حمه ساڵح**
**ساڵی له دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٠**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامه (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پڕۆفیسۆر**
**پیشه (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): زانکۆی سلێمانی**

## هەڵوێستی مەولەوی لەبارەی هاوەڵان و شوێنکەوتوان و ئیمامەتەوە (توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە)

پ.د.ئاراس محمد صالح
زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

ئـەم توێژینـەوە لەبـارەی هەڵوێسـتی شـاعیر گـەورە مەولەویـەوە ئـەدوێ دەربـارەی هاوەڵانی پێغەمبـەرو(د.خ) شـوێنکەوتوانی و ئـەو کێشـەو ململانێیـەی کەوتووەتـە نێوانیـان لـەڕۆژگاری خەلافەتـی عەلـی کـوڕی ئەبوتالیبـدا، هەروەهـا هەڵوێسـت و جیاوازیـان لەبـارەی خەلافـەت و ئیمامەتـەوەو ئـەو ڕوداوانـەی بـەو هۆیانـەوە ڕویانداوە.

شـاعیری بەهرەمەنـد مەولەوی لەگەڵ ئەوەدا شـاعیرێکی بـەرز بووە، لەهەمان کاتـدا زانایەکی ئاینی گەورە بووە، لەڕۆژگاری فەقێیەتیدا سـەردانی شـاری سنەو سـنوری میرایەتی ئەردەڵانی ئەو سـەردەمەی کـردووەو لەگەڵ مەلا شـیعەکاندا بەریەکەوتـن و پەیڤینیان هەبـووە، هەرئەمەش کاریگـەری لەسـەر مەولـەوی هەبـووەو لـە بەرهەمـە کەلامیەکانیـدا ئامـاژەی بـە تێگەیشـتن و بۆچوونی خۆی کردووە لەبارەی کێشـەی نێـوان هاوەڵان و شـوێنکەوتوان و بابەتەکانی خەلافەت و ئیمامەت لای زانایانی موسـڵمان.



**ناوی سیانی ونازناو ( الاسم الثلاثی و اللقب ): تاریق جەبار محەمەدساڵح**
**ساڵی لە دایك بوون ( تاریخ المیلاد ): ١٩٧٢**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات ( بلد الاقامة ): سلێمانی**
**بڕوانامە ( الشھادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی ( اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە ( الوظیفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار ( المؤسسة التی یعمل فیھا ): زانکۆی هەڵەبجە**

## دیدی مەولەوی بۆ چەسپاندنی سیفاتی پەروەردگار- لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری

د. طارق جبار محمدصالح
مامۆستای وانەی باوەڕی ئیسلامی لە بەشی بنەماکانی ئایین
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی هەڵەبجە

پوختە:

مەولـەوی شـاعیر و زانـا و ئەدیـب یەکێکـە لـەو زانا بەڕێـز و دیارانـەی کـورد کە سـەرچاوەیەکی زانسـتی گـەورەی بـۆ بەجێهێشـتوین لە بـواری عەقیدەی ئیسـلامیدا بە هەر سـێ زمانـی کوردی وعەرەبـی و فارسـی, کـە بەڵگەن لەسـەر لێهاتـوی و بەتوانایـی ئەو زانـا گەورەیە.

مەولـەوی لە عەقیدەدا شـوێنکەوتەی موتەئەخیرینی ئەشـعەریەکانە, بیرکردنەوە و بۆچونەکانی لـە سـیفاتدا وەک ئەوانـە, ئەمـەش لـە دابەشـکردنی جۆرەکانی سـیفاتدا بۆ سـیفاتی مەعانی و نەفسـی و سـەلبیدا بەڕونـی بەدیاردەکەوێـت, پێـی وایە حـەوت سـیفاتی زاتی هەن کە سـیفاتی مەعانیـن, لەگـەڵ پێنجـی سـەرەکی لەسـیفاتی سـەلبی, وەبـاوەڕی بـە تەئویـل و تەفویـز هەیە لەسـیفاتە زاتیە خەبـەری وفعلیـە ئیختیاریەکاندا.

وشەی سەرەکی: مەولەوی, سیفات, تەئویل, تەفویز.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): نێچیروان جاسم ولی
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٩١
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەلێر
بڕوانامە (الشهادة): ماستەر
پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستای یاریدەدەر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سەڵاحەددین

## بیروباوەڕی ئەشعەرییەت لە (زوبدەی عەقیدە)ی مەولەویدا

نێچیروان جاسم ولی
ماستەر لە ئەدەبی کوردی

کۆلیژی زمان / زانکۆی سەڵاحەددین

**پوختە:**

مەنزومـەی (زوبدەی عەقیدە) یەکێکە لە نووسـراوە بیروباوەڕییەکانـی مەولەوی و بەرهەمێکی گرنگـی ناوبراوە, کە بە شـێوەی هۆنراوە (نظـم) کۆمەڵێک بنەمای گرنگی تایبـەت بە بیروباوەڕی ئەشـعەرییەتی تێدا خستووەتە ڕوو و لێیان دواوە.

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـانی (بیروباوەڕی ئەشـعەرییەت لە (زوبـدەی عەقیدە)ی مەولەویدا) یـە؛ بریتییـە لـە توێژینەوە لـە بنەماکانـی ئەشـعەرییەت لـە مەنزومەی (زوبـدەی عەقیـدە)دا و سـەرەتا پەیوەندیی مەولەوی بە بیروباوەڕی ئەشـعەرییەتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەشـعەرییەت لەو مەنزومەیـەدا ڕوون کراوەتەوە.

پـاش ئـەوە توێژەر لە مەنزومەکەی کۆڵیوەتـەوە و بنەماکانی ئەشـعەرییەتی تێدا دیاری کردووە و بـە نموونـەوە شـی کردووەتـەوە, لەوانە: خـود و سـیفەتەکانی خوا, کەلامـی خـوا, بینینی خوا, سـنووری بـاوەڕ, تیۆری کەسـب, گوناهی گەورە و پاداشـت و سـزا, موعجیزەی پێغەمبـەر (د.خ), شـەفاعەتی پێغەمبەر (د.خ), جێنشـینی...هتد.

ئەم توێژینەوەیە لەسـەر ئـەو گریمانەیە کاری کردووە, کە بەرهەمـە بیروباوەڕییەکانی مەولەوی و لەو نێوانەشـدا زوبـدەی عەقیدە لەسـەر بنەماکانی بیروباوەڕی ئەشـعەرییەت داڕێـژراوە, بۆیە ئـەم توێژینەوەیە پشـتی بـە میتۆدی وەسـفیی شـیکاری بەسـتووە, لـەم لایەنـەوە زانیارییەکان خراونەتـە ڕوو و بـە نموونەوە شـی کراونەتەوە بۆ ئەوەی بگەیـن بەو ئەنجامـەی توێژینەوەکەی لەبـارەوە کراوە.

وشە کلیلییەکان: مەولەوی, عەقیدە, ئەشعەرییەت, زوبدەی عەقیدە



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ئەرکان حسێن سەبری
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٨
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ناحیەی باوەنور- کەلار
بڕوانامە (الشهادة): ماستەر
پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستای یاریدەدەر
پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): زانکۆی گەرمیان



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): شەیدا ڕەشید محەمەد
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٨
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): کەلار
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا
پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): زانکۆی گەرمیان

## عیشقی خودا لە نێوان مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای ڕۆمیدا

م.ئەرکان حسێن صبری
زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

د.شەیدا ڕەشید محمد

زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە ،بەشی زمانی کوردی.

### پوختەی توێژینەوە:

عیشـقی ڕاسـتەقینە عیشـقە بۆ خوداوەند, ئەگەر عیشـق بە مانایەک بەرهەمی سەرسامبوون بێـت بە جەمـاڵ و جوانـی مـرۆڤ و مەخلووقـات یـان جوانی ئـاکار, ئایـا خوداوەند سـەرچاوەی هەمـوو جـۆرە جوانیەکان نیـە؟ بۆیە لای عاریفەکان عاشـق بـوون بە جوانـی مەخلووقات ڕێگەی عاشـق بوونـە بەخوداوەند. دواجار ئەشـقی خودایی ئەشـقی مـرۆڤ و سروشـت و مەخلووقات و تەنانـەت بـەرد و دار و ئاژەڵیـش بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت, ئەگـەر بڕوانینـە عاشـق و عاریفـە

گەورەکانی وەک ڕابیعەی عەدەوی و مەولانای ڕۆمی و حافیز و ئیبن عەرەبی و مەولەوی و مەحوی, دەبینین چ عێشقێکی قووڵ بۆ مرۆڤ و مەخلووقات لە هەناویاندا کڵپەی کردووە, تائاستی پەرۆشی بۆ نەیاران و ناحەزانیشیان. عیشقی ڕاستەقینە شۆعلەوەربوونە بە ناوەکانی خوداوەند, ئاوێتەبوونە پێیان, تا بەوە دەگات کە خوداوەند بفەرموێت (من دەبم بە چاوی ئەو بەندەیەم کە پێی دەبینی و بەو دەستەی کە پێی دەگرێ و....) تا کوتایی فەرموودە قودسییەکە, ئەمەش پایەی بە وەلی بوونە, ئەولایای خودا لەلای خەڵکیش ئەولیان, خودا لە ناو خەڵکیشدا جاری خۆشەویستییان بۆ دەدات.

بۆیە لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکەی ئێمە باسکردنە لە (عیشقی خودا لە نێوان و مەولەوی تاوگۆزی و مەولانای ڕۆمی)دا، بریتیە لە توێژینەوەیەکی بەراوردکاری و دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشدا:

بەشی یەکەم باسکردنە لە چەمك و ماهیەتی عیشق، دەبێتە دوو تەوەر، تەوەری یەکەم پێکدێت لە باسکردن لە زاراوە و چەمکی عیشق، تەوەری دووەمیش تەرخان کراوە بۆ جۆرەکانی عیشق.

بەشی دووەم بریتیە لە سێ تەوەر، تەوەری یەکەم باسکردنە لە عیشقی خودایی لای مەولەوی، تەوەری دووەم هەمان باس لای مەولانا، تەوەری سێیەمیش پێکدێت لە پیشاندانی خاڵە هاوبەش جیاوازەکانی نێوان هەردوو شاعیر لەسەر ئەم جۆرە لە عیشق. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە. لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەڕوو.

کلیلە وشە:(خودا، عیشق،ئاین، مەولەوی،مەولانا، مەعشوق):



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): آرام جلال عبدالله**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٢**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها)**
**زانکۆی سلێمانی**

# میتۆدی مەولەوی لە گۆڕانی نارەوا لە میانەی کتێبی فەضیلە, وە کۆششەکانی لەو پێناوەدا، توێژینەوەیەکی بیروباوەڕیی مەقاسیدییە

د. ئارام جلال عبدالله.

شوێنی کار: زانکۆی سلێمانی- کۆلیجی زانستە ئیسلامیەکان - بەشی پەروەردەی ئایین.

شوێنی دانیشتن: عێراق – سلێمانی – گەڕەکی فەرمانبەران.

پەیوەندی: aram.omer@univsul.edu.iq ٠٧٧١ ٩٨٩ ١٨٤٤ ..

پوختەی توێژینەوە: چەندەها خوێنەر وخوێندکار، دەستەوسانن لە بەردەم شاکارە ئەدەبی وزانستیەکانی زانای پایەبەرز سید عبدالرحیمی مەولەوی، چونکە هەر کەسێ بیەوێ خۆی بدات لە دەریای زانستی مەولەوی، دەبێ خاوەنی قەڵەمێکی شارەزاو بەبڕشت بێت، مەلەوانێك بێت کە بتوانێ لە قولاییەکان بگاتە گەوهەرە شاراوەکان، وەلێ کوا قەڵەمی لەرزۆکی ئێمە ڕوی ئەو جۆرە مەجلیسانەی هەیە.

بەڵام من لێرەدا بیانویەکی نیمچە ڕەوام بەدەستەوەیە، کە بریتیە لە چونە خزمەتی بابەتێك کە پانتاییەکی فراوانی پێدراوە لە قورئان و سونەت و ژیانی پێغەمبەر (درودی خوای لە سەربێت)، وە زۆر بە گرنگ گیراوە، ئەویش مامەڵەکردنە لە تەك گۆڕانی نارەوادا؛ هەر بۆیە پێویستە مەرجی کارپێکردن وجێبەجێکردنی ڕونبکرێتەوە لای زانایان، بەتایبەتی لای زانای پایەبەرز سید عبد الرحیمی مەولەوی.

هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەوە ڕون دەکاتەوە؛ یەکەم: چەمکی گۆڕانی نارەوا شمشێرێکی دوو دیوو؛ ئەگەر بەدانایی بەدەست کەسانی شارەزاوە بەکارهات؛ ئەوە ئاسودەیی بەکۆمەڵگەکان دەبەخشێت و زانایان لە بەرانبەر نارەواکان کاریگەری بەهێزیان دەبێت, بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە؛ بەدەستی کەسانی نەشارەزا لە دەق و مەبەستەکانی شەریعەت بەکار هێنرا؛ ئەوە دەبێتە سەرگەردانی کۆمەڵگەکان و ناشیرینکردنی ڕوی گەشی پەیامی پیرۆزی ئیسلام.

دووەم: ئەم توێژینەوەیە ئەو بۆچونە دەرەوێنێتەوە؛ کە دەگوترێت: مەولەوی وەکو زانایەکی تەسەوف، لە کاروباری ناوچەکەی خۆی زۆر دورە پەرێز بووە، ڕەنگە ڕێبازی سوفیگەری وای لێکردبێ هەستی بە ئازاری گەلەکەی نەکردبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە کۆششەکانی مەولەوی خۆی وێنەیەکی ترمان بۆ دەخەنە بەرچاو، کە زانایەکی چالاك و کارامە بووە؛ وە هەمیشە لە هەوڵ و تەقەلای دورخستنەوەی شەڕو ئاشوب بووە لە ناوچەکەی، وە بەوپەڕی بوێرییەوە بەرانبەر نارەواکان وەستاوەتەوە، بەڵکو نمونەمان زۆرە کە هەمیشە بژاری ڕێگای چاکسازی کردوە لە گیاکەڵەو دڕکوداڵی نەفامی.

کلیلە وشە: مەولەوی، کتێبی فەضیلە، گۆڕانی نارەوا، بیروباوەڕ، مقاسید.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): زانا ناجی عبدالله غوڵامی
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٧
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی
بڕوانامە (الشهادة) : دكتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانكۆ
شوێنی كار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانكۆی سلێمانی

## نمونەی  زاراوە لۆژیكییەكان لە كتێبی عەقیدەی مەرزیەدا - توێژینەوەی شیكاری -

د. زانا ناجی عەبدوڵڵا

بەشی بنەماكانی ئایین، كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكان، زانكۆی سلێمانی، پسپۆڕی زانستی كەلام.

### پوختەی توێژینەوەكە:

مێـژووی كـورد سـیخنانە بـە بوونی چەندەهـا زانـا و هۆزانڤانـی پیتۆڵ، لەنێـو ئەو شاعیرانەشـدا هۆزانڤانێكـی مەزنی چەشـنی مەولەوی پرشـنگی دایەوە؛ ئەوەشـی مەولەوی لەوانـی دی جودا دەكاتـەوە ئەوەیـە كە دارای قەریحەیەكی شـاعیرانەی بـەرزی ئەوتۆیە، كـە توانیویەتی لە میانەی كتێبە سـیۆلۆجی و بیروباوەڕییەكانییەوە چەندین چەمـك و زاراوەی لۆجیكی، دابڕێژێت، بۆئەوەی دەمكوتـی نەیارەكانـی چەشـنی موعتەزیلە و شـیعە و فەیلەسـووفەكان بـكات. میتۆدەكەی بە موو لە زانایانی پێشـین لانەداوە و تەواو پابەند بووە بە هێڵە گشـتی و سـەرەكییەكانی مامۆسـتا مەزنەكانـی خۆی. وەك لە پێشـەكی و كۆتایی هەردوو ڕشـتەی (الفضیلـة) و (العقیدة المرضیة) كەیـدا بـەدی دەكەیـن. بـە گشـتی یەكێك بـوو لـە زانـا و شـاعیرە دەگمەنەكانی چەرخـی خۆی، گـەر لە بەرهـەم و نووسینەكانیشـی بڕوانین بە ڕوونـی توخمـە ژیربیرییەكان دەبینیـن، چون هەر زاراوەیـەك كە بەكاریهێنـاوە لایخۆیەوە پارێـزگاری لە چەندیـن بنەمای چەسـپاوی ئەوتۆ دەكات، كە زانسـتی لۆجیك و یاسا عەقڵییـەكان دایانناوە.

ئێمـە توێژینەوەیەكـی خاكەڕایانەمـان دەربـارەی ئـەو زاراوانـەی نێو ڕشـتەكەی كـردووە و هەتا ئێسـتاش نەماندیوە لەم گۆشـەنیگایەوە كەسـێك وەها توێژینەوەیەكی ئەنجامدابێت، بۆیە جێی خۆیەتـی و بە گرنگمان زانی بە وەهـا ئەركێكی ئایینی و وێژەیی هەسـتین. دەكرێت بڵێین چەندین پرسـی لۆجیكیمـان لـە بەرهەمەكانیـدا و بـە تایبەت لـە (عەقیدەی مەرزییـە) بەرچاوكـەوت، كە تیایدا ئاماژە بە بەشـە لۆجیكییـەكان دەكات لەوانە: العلم الحضوري والحصولي و پێناسـەكەیان، هەروەهـا (هـل) هەلـە داڕێـژرا و لێكـدراوەكان و، حوكـم و نیسـبەتی نێـوان كوللییـەكان، كـە پێكهاتـوون لە تەبابونـی هەمەكی و بۆ چوار جۆر دابەشـدەبێت ئەوانیـش: متناقضان و متضادان و متضایفـان وملكـة وعدمهـا، هەروەهـا بەرعەقڵـە یەكەمیـن و دووەمینەكان، ئەمە سـەرباری ئاماژەكـردن بـە قیاسـی بەرهەمـدار و بڕیارەوتەكان/القضایا و، چەندیـن زاراوەی دیكە.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): سەعدون حسەین ئەحمەد**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٨**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سلێمانی**

## ڕەهەندە کەلامییەکانی چەمکی کات لای مەولەوی تاوگۆزی

د. سەعدون حسێن ئەحمەد
مامۆستا لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان / زانکۆی سلێمانی

### پوختە

سەبارەت بە بابەتی کات و سەرەتاو سەرهەڵدانی ئەم چەمکەو مێژووەکەی قسەوباسی جیاواز هەیە، لە ڕەهەندی جیاوە شرۆڤەو خوێندنەوەی بۆکراوە، واتە مێژوویەکی کۆن و دورودرێژی هەیە، لە ڕەهەندی فەلسەفی و کەلامی و زانستییەوە خوێندنەوەی بۆکراوەو وەدەستەوە گیراوە، کەلامخوانە مسوڵمانەکان دیدگای تایبەتیان هەیە بۆ بابەتەکە، خویندنەوەکەی ئەوان ڕەهەندی جیاوازی هەیە و بەدەر نییە لە کاریگەری دەرەکی، ئەم بابەتە لە ناو ڕەوتی مێژوویی کەلامییەکاندا قسەوباسی جیاوازی هەڵگرتووە، کاریگەر بە هۆکارە دەرەکییەکان میتۆدی جیاوازی کەلامی پەیوەست بەم بابەتەوە بەرهەم هاتووە، ئەو تەرزەی ئاماژەمان پێدا لە ناو کتێبەکانی سەید عەبدولڕەحیمی مەولەیدا وەبەرچاومان دەکەوێت و کاریگەر بە کەلامخوانەکانی پێشوو بەتایبەت ئەشعەرییەکان تێزەکانی خۆی نوسیوەتەوەو پەیڕەوکاری هەمان ڕێبازی ئەشعەرییەکانە، بۆیە دەتوانین بڵێین مەولەوی زیاتر لە سنوری قوتابخانەی کەلامی ئەشعەریدا خوێندنەوەی بۆ بابەتەکە کردووە، بەڵام ئەمە ئوسلوبێکی ڕەها نییەو لە هەندێک شوێنیدا ئاماژەی نوێ و جیاواز لە قەڵەمەکەی مەولەوییەوە دەبینین بۆ بابەتەکە.

وشە سەرەتاییەکان:(کات، کەلام، مەولەوی، ڕەهەند، چەمک).



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): د. حمید محمدأمین عزیز**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٨٦**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی**
**بڕوانامە (الشهادة): دكتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانكۆ**
**شوێنی كار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانكۆی سلێمانی**


## پەیوەندی نێوان زات و سیفات لە نێوان سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی و شێخ عەبدولقادری موهاجیرفا.

د. حەمید محمد ئەمین عەزیز
زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی زانستە ئیسلامییەكان / بەشی شەریعە

**(كورتەی توێژینەوە)**

ئەم توێژینەوەیە لێكۆڵینەوە لە بابەتێكی كەلامی دەكات، كە بریتیە لە پەیوەندی نێوان و زات و سیفاتی خوای گەورە، بە بەراوردكردنی نێوان میتۆدی دوو زانای بەتوانا لە كەلامدا، ئەوانیش سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی و شێخ عەبدولقادری موهاجیر. هەردووكیان خەڵكی وڵاتی كوردستان بوون و هاوچەرخ بوون، لە نێوانیاندا پەیوەندی زانستی و كۆمەڵایەتی هەبووە. ئەم بابەتە بە یەكێك لە قوڵترین بابەتەكانی زانستی كەلام دادەنرێت، كە ڕای جیاوازی تێدا دروست بووە. لەم بابەتەدا شێخ عەبدولقادر بۆچونێكی تایبەتی هەیە و لە هەندێك لە دانراوەكانیدا نوسیویەتی، مەولەوییش شوێنی كەوتووە و بۆچوونەكەی وەك خۆی هێناوە لە دانراوێكیدا. لەم توێژینەوەیەوە كاریگەی مەولەوی بە موهاجیر دەردەكەوێت لە میتۆدی كەلامیدا.

وشـە كلیلیـەكان: مەولەوی، سـەید عەبدولڕەحیم، موهاجیر، شـێخ عەبدولقادر، زانسـتی كەلام، پەیوەندی نێوان زات و سـیفات.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): محمد عبدالله احمد پێنجوێنی
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٠
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سلێمانی



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): ناسیح فەتاح نەسروڵڵا ئاروزەری
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١\١\١٩٧٧
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): العراق - اقلیم کوردستان - السلیمانیة
بڕوانامە (الشهادة): دکتورا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): استاذ مساعد
پیشە (الوظیفة): استاذ مساعد
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): الجامعة السلیمانیة _ کلیة العلوم الاسلامیة

## بینینی خوای گەورە لای مەولەوی لەکتێبی (الفضیلة) توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە أ.م.د. ناصح فتاح نصرالله

أ.م.د. محمد عبدالله أحمد
جامعة السليمانية / كلية العلوم الاسلامية

### پوختەی توێژینەوە

بابەتـی دیـدار و دیتنـی خـوای مـەزن بـۆ بـاوەڕداران بابەتێکـی زۆر مـەزن و پیـرۆزە لـە بنەماکانـی ئاییندا، چونکـە مەبەسـتی هەمـو باوەڕدارێکـە ئومێـدی هەمـو باوەڕدارێکـە کـە بە دیـداری خوای مـەزن بـگات لـە بەهەشـتی بەرینـدا، کاکڵـەی ئـەم باسـەش زانـای گـەورەی کـورد؛ هەڵکەوتـو مەولـەوی بەڕەحمـەت بێت ڕونی کردۆتەوە لەداڕشـتنێکی شـیعریدا لـە ژێر ناونیشـانی فەزیلەداو لەبابەتـی دیتـن و دیـداری خوای مەزنـدا ، باسـەکانی ئـەم بابەتەش لە چەنـد تەورێکـی گرنگدایە، لەوانە: مەبەسـت لـەو دیدارە دیتنـی خـوای گەورەومەزنە بـە چاوەکانمان، لەسـۆنگەی عەقڵەوە دەکرێـت خـوای گەورە لـە دونیـادا ببینرێت؛ بەڵام لە ڕاسـتیدا شـتی وەهـا ڕوی نەداوە، سـەبارەت بەدیـداری خودا لەلایەن پێغەمبەر محمد ەوە دروەدی لەسـەر لە شـەوڕەوی و بڵندبونـەودا، تایبەتە بـە پلـەو پایـەی پێغەمبـەرەوە، کـە هاوەڵنیشـی ڕاجیایان هەیـە لە سـەر ڕودانەکـەی؛ بە ئـەرێ و نـەرێ، بـەڵام دیتنی خوای گـەورە لـە بەهەشـتی نەبـڕاوەداو بۆ خەڵکـی بـاوەڕدار، ئـەوە زۆرینەی

زانایـان دانـی پێـدا دەنێن و دەڵـن ئەم دیتـن و دیدارە حەقەو ڕاسـتە ، بەڵام بەشـێوازێك شایسـتە بێـت بەدیـداری خوای مەزن بێ باسـکردن شـیوازێکی دیاریکراو بۆ ئـەو دیتنە، ئەمـەش لەبەر بونی بەڵگـی نەقڵکراو هۆشـێنراو (نەقڵـی و عەقڵی)، بـەڵام هەندێ کۆمەڵـی تری نێو موسـڵمانان هەن کەئـەم دیـدارە بەرپەرچ دەدەنـەوەو پێیان وایە ڕونـادات، ئەمەش لەپێناو ئەوەی بڵـن خوای گەورە نابێت لێکچواندنی لە ئاسـتا بکرێـت، بەمەش دەکەونـە بازنەی داپچڕاندنی سـیفات لەخوای مەزن و دەکەونـە هەڵەیەکـی تـرەوە، قسـەی ڕاسـت و دروسـت لـەم بابەتـەدا ئەوەیـە کە زانـای مەزن مەولـەوی بەڕەحمـەت بێـت بڕەوی پێـداوەو هەڵـی بژاردوە؛ کـە ئەهلی ئیمـان چێژ لە بەهەشـتدا بە ڕاسـتی خوای مـەزن دەبینن بەڵام بەشـێزیك شایسـتە بێت بە بەزاتـی خۆی بەبـێ لێکچواندن و دەورەدان.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): نەوید نقشبندی**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٢**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران**
**بڕوانامە (الشهادة): دكتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی کوردستان.**

## قەزاو قەدەر لە بەرهەمەکانی زانای گەورە سەید عەبدولڕەحیم مەولەویدا

پ. ی. د. سەید نەڤید نەقشبەندی
(مامۆستای بەشی فیقهی شافیعی/ زانکۆی کوردستان، ئەندام و لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستانناسی زانکۆی کوردستان)

**کورتەباس:**

لە دینی ئیسلامدا باوەڕ بە قەزاو قەدەر یەکێکە لە بنەماکانی باوەڕ، ئەم بابەتە لە پەرتوکە کەلامی و عەقیدەییەکاندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، زانایانی ئیسلام لەبارەی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەم بابەتە دیدگا و بۆچونی جیاوازیان هەیە. ئەم جیاوازییانە لە بیروڕادا لەبارەی چەمکی قەزا و قەدەر و کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ و هەروەها کاریگەرییان لەسەر بابەتی جەبر و ئیختیارە.

هەندێک قەزای ئیلاهیان بە جۆرێک ڕاڤەکردووە، کە مرۆڤ هیچ هەڵبژاردن (اختیار)ێکی لەبەردەستا نییە، بەڵام هەندێکیان سنوری ئازادی مرۆڤەکانیان فراوانتر زانیوە. لەم نێوەندەدا ئەشعەرییەکان و ماتوریدییەکان دیدگایەکی مام ناوەندیان هەیە، زانای بەناوبانگ سەید عەبدولڕەحیم مەولەوی، کە ئەشعەری مەزهەب بووە، سێ پەرتوکی لەبارەی عەقیدەوە نوسیوە، کە بریتین لە ((الفضیلە)) بە عەرەبی، ((الفوائح)) بە فارسی، ((العقیدە المرضیە)) بە کوردی. لەو پەرتوکانەدا لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی بیرو بۆچونی ئەشعەری لەبارەی قەزاو قەدەرەوە نوسراوە. مەولەوی هەندێکجار دیدگای مەزهەبەکانی تری بە دیدێکی عیرفانییەوە خستۆتەڕوو، جا بەشێوەی هاوتا لەگەڵ بۆچوونەکانی یاخود بە پێچەوانەوە، هەروەها لەبارەی دیدگای مەولانا خالد نەقشبەندیشەوە لەسەر ئە بابەتە دواوە. ئەم توێژینەوە دەیەوێت لەپاش لێکدانەوە و باسکردنی چەمکی قەزاو قەدەر بە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ دیدگای مەزهەبەکانی تر لەم بارەیەوە بدوێت. سەرچاوەی لێکۆڵینەوە لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەی کتێبخانەیی و لە پێنج بەش پێکدێت، کە هەر سێ کتێبە کەلامییەکەی مەولەوی و دیوانە شیعرییەکەی و نامە فارسییەکانی لە خۆدەگرێت. شێوازی لێکۆڵینەوەکە وەسفی و شیکاریی و بەراوردە بە کتێبە کەلامییەکان.

کلیلە وشە: ئەشعەرییەکان، جەبر و ئیختیار، زانایانی کورد، قەزاو قەدەر، مەولەوی کورد.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): هادی محمد حسن ریزوان**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٥**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پڕفیسۆری یاریدەدەر**
**پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی کوردستان**

## ناکۆکی کەلامی لە نێوان سەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی و هاوچەرخەکانی (ڕاستی ئیمان لای مەولەوی و سەید حەسەنی چۆڕی وەک نمونە)

پ.ی. د. هادی محمد حەسەن ڕەدوان
زانکۆی کوردستان، سنە

### پوختە

حەزرەتی عەبدولڕەحیمی مەولەوی، جگە لەوەی شاعیرێکە نکوڵی لێناکرێت، کە لە زانا دیارەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێت، زانایایەکی خاوەنشکۆ و شارەزا بووە لە زانستە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لە بواری زانستی کەلام و عەقیدەدا. مەنزومە کەلامییە بەناوبانگەکانی بە هەر سێ زمانی عەرەبی، فارسی و کوردی، باشترین بەڵگەی ئەمەن. مەولەوی لە نێو هاوچەرخەکانی و زانا و مامۆستا بەناوبانگەکانیدا پێگەیەکی بەرزی لە کەلامدا هەبووە، لەوانە زانا سەید حەسەنی چۆڕی، خاوەنی (الرسالة الكلامية)، کە بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە کەلامییەکانی ئەو سەردەمە دادەنرا. ئەمە بەڵگەی ئەو پێگەیە کە لە مەولەوی و هاوچەرخەکانییەوە لە ڕووی ڕەخنە و بیروڕای ناکۆکی و ناکۆکی زارەکییەوە گێڕدراوەتەوە، لەوانەش ئەوەی سەید حەسەنی چۆڕی لە کتێبەکەیدا بۆی سەلماندووین لە گەڕان بەدوای ڕاستی ئیماندا ئایا زانستی ملکەچانەیە یان کردەوەی خودی مرۆڤە؟ لەو نێوەندەدا ئاماژە بۆ چەند دێڕێکی مەولەوی بە زمانی کوردی دەکات و پەسنی وی دەکات بەوەی کەسێکی پایە بڵندە وەک ڕێزگرتنی پێگە و بەرزڕاگرتنی، پاشان دوای ئەوە ڕەخنە لە بۆچوونی مەولەوی دەگرێت و ئەوەی بە باش و قبوڵکراوی دەزانێت دەریدەبڕێت، پشتبەستوو بەوەی خودای گەورە ئیلهامی پێداوە لەوەی کەلامییە کۆنەکان لەسەر ئەم بابەتە باسیان کردووە. نووسەر لەم وتارەدا بە دوای جیاوازی بیروڕای نێوان مەولەوی و سەید حەسەنی چۆڕیدا دەگەڕێت سەبارەت بە حەقیقەتی ئیمان، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مەولەوی لەمەنزومە کەلامییەکانی چی هێناوە سەبارەت بە ئیمان و ئەوەی چۆڕیی لە (الرسالة الكلامية) دا نەقڵی کردووە و ڕەخنەی لە بۆچوونەکانی گرتووە لەم پرسەدا.

وشەی سەرەکی: حەزرەتی عەبدولڕەحیم مەولەوی، سەید حەسەنی چۆڕیی، ئیمان، ملکەچبوون، کردەی نەفس.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): عەبدولهادي تەمورتاش**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧١**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): تورکیا**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پڕۆفیسۆر**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستا**
**شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): زانکۆی وان یوزونجو یل**

## بونیادی تەکنیکی دیباجەی کتێبی «الفضيلة»ی مەولەوی

د. عەبدولهادی تەموورتاش.
ئەندامی ستاقی وانەوتنەوە لە زانکۆی وان یوزنگویڵ، فاکەڵتی ئیلاهیات، بەشی زمانی عەرەبی و ڕەوانبێژی.

### پوختەی توێژینەوە

بە سەرنجدان لەوەی کە دیباجەی هەر کتێبێک کورتکراوەی ناوەڕۆکی کتێبەکە لەخۆدەگرێت، هەر نووسەرێک گرنگی تەواوی پێدەدات لە ڕووی پێکهاتەی گشتی و گونجانی ڕستە و بیرۆکەکان و ڕەچاوکردنی شێوازەکانی ڕەوانبێژی کە لەگەڵ دیباجەی کتێبەکەدا دەگونجێت. لێرەوە عەبدولڕەحیم مەولەوی لە پاڵ قوڵیی زانستی لە زانستە ئیسلامییەکاندا، بە یەکێک لە پێشەنگەکانی شاعیرانی کورد لە شێوەزاری سۆرانی دادەنرێت، هەروەک توانای هۆنینەوەی هۆنراوەی بە هەریەک لەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی هەبووە، لە هەر یەکێکیش لەم زمانانەدا مەنزومەی زانستی و تایبەت بە عەقیدەی ئیسلامی هەیە. کتێبەکەی بە ناوی « الفضيلة» مەنزومەیەکی زانستییە سەبارەت بە عەقیدە و پێشەکییەکی بۆ ئەم کتێبە هەیە کە گوزارشت لە بەهرەی ڕەوانفیکری و ڕەوانبێژی و زمانەوانی دەکات. دیباجەش، وەک دەقێکی سەربەخۆ، پێشەکی و ناوەڕۆک و دەرئەنجامی هەیە، لەم ڕوانگەیەوە دەقێکی تەواوە و دەوڵەمەندە بە توخمە ڕەوانبێژییەکان بە هەموو بەشەکانیەوە، لەوانەش زانستی (مەعانی وبەدیع وبەیان).

تیشک دەخەینە سەر ئەم دیباجە ناوازەیە و باس لە بونیادە تەکنیکییەکەی دەکەین، لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە گرنگترین توخمە ڕەوانبێژییەکانی ناو دەقەکە.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): سەبور عەبدولکەریم حەمەکەریم (شکار):
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٣
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی يعمل فيها): زانکۆی سلێمانی

# (خودا) لە دیدی مەولەوی ڕۆمی و مەولەوی تاوگۆزییەوە

پ. ی. د. سەبورعەبدولکەریم حەمەکەریم
بەشی زمان وئەدەبی فارسی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی

## پوختە

هەریەکـە لە مەولەوی ڕۆمی و مەولـەوی تاوگۆزی خاوەنی چەندین دەقـی عیرفانین و ئەزموونی بڵنـدی ڕۆحییان – بەتایبەت لەبـارەی خوداوە – تۆمارکردووە و بەشـێکی زۆری ئەو ئەزموونانەیان بـە زمانی ناڕاسـتەوخۆو هێمـا و هونەرە جۆراوجـۆرەکان دەربڕیوە ،کە پێویسـت دەکات ڕەخنەگر و توێـژەرەکان بـە وردی بەدواداچوونیـان بـۆ بکەن و ئاسـتی هونـەری و ئێسـتاتیکی و واتایی ئەو دەقانـە بەدیار بخـەن. لێرەوە لە شـیعرەکانی مەولەوی ڕۆمیـدا خودا بە چەند هێمـا وهونەرێکی تایبەت باسـکراوە ئەو : خۆر،مانگ.دەریا،دایک.پادشا،سـاقی،و هتد....ە

لای مەولـەوی تاوگۆزیش خودا بـە :خۆر،مانگ،نووسـەری ئەزەل،ساقی،پادشا،مەعشـوق،گوڵ ڕوخسـار و هتد...... باسکراوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا بـە پێـی میتـۆدی بـەراوردی فەلسـەفی و ئەدەبـی- کـە لـە پێشـەکیدا ڕوونکراوەتەوە-کارکـراوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا دەردەکەوێت،کـە هـەردوو شـاعیر لـە بەکارهێنانـی هێمـاو وێناکردنـی ناڕاسـتەوخۆدا بـۆ خـودا زۆر دەوڵەمەنـدن ، بۆیـە هەردووکیان لـە (٢٣) وێناکردندا هاوبەشـن و مەولـەوی ڕۆمـی لـە (١٠) وێناکـردن و مەولەوی تاوگـۆزی لـە (٢) وێناکردندا جیـاوازن و ئەمەش ڕاسـتی ئـەو دەوڵەمەندییە دەسـەلمێنی.

ئـەم توێژینەوەیە لە پوختەو پێشـەکیەکی تیـۆری و دووبەش و ئەنجام و لیسـتی سـەرچاوەکان و پوختەیـەک بەهەردوو زمانـی ئینگلیزی و عەرەبـی پێکهاتووە.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): فازڵ حمه سعید أمین
ساڵی له دایك بوون (تاريخ الميلاد): ۱۹۷۹
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر
بڕوانامه (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
پیشه (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سەڵاحەددین

## ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو و کاریگەریی لەسەر وەرگر لە شیعری مەولەویدا

پ. ی. د. فازڵ حەمەسەعید ئەمین
زانکۆی سۆران/ فەکەڵتیی ئاداب/ بەشی زمانی عەرەبی

**پوختە:**

بـۆ ئـەوەی دەقی ئەدەبی سـەرنجڕاکێش و سـەرکەوتوو بێت؛ پێویسـتە بەجۆرێـک دابڕێژرێت کە بتوانێـت پەیامـی نووسـەر بەشـێوەیەکی سـەرکەوتوو بگەیەنێت.بۆ ئەم مەبەسـتەش نووسـەر ناچـارە پەنـا بـۆ هەموو ئـەو ڕەگـەز و هونەرانـە ببات کـە لـە توانایاندایـە دەقەکە هێنـدە تۆکمە و کاریگـەر بکـەن لەباریـدا بێت سـەرنجی وەرگـر ڕابکێشـێت و پەسـەندی بکات، ئەمـەش لەبەر ئـەو پێگە گرنگـەی کە وەرگـر هەیەتی لە بەرهەمهێنان و تێگەیشـتن و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی دەقـدا، بەپێـی زۆربـەی ڕێباز و قوتابخانـە ڕەخنەیـی و ئەدەبـی و زمانەوانیەکان.

یەکێـک لـەو ڕەگەزانەی کە تیـن و هێزێکـی زیاتر بـە دەق ئەبەخشـێت و کاریگەرییەکی باشـتر لای وەرگر دروسـت ئـەکات بریتییە لە ڕەگـەزی چاوەڕواننەکراو (اللامتوقع)، بـەو پێیەی کە ڕەگەزەکە ئەتوانێـت ئاسـۆی بیرکردنـەوەی وەرگـر تێپەڕێنێـت و چێژێکـی زیاتری پێببەخشـێت و پەلکێشـی بـکات بۆلای دەقەکـە، بەمجـۆرە کارلێکێکی بەهێز لـە نێـوان دەق و وەرگردا دروسـت ئەبێت.

لە سـۆنگەی ئـەو پەیوەنـدی و کارلێکەی لە نێـوان دەق و خوێنـەردا هەیـە؛ بەگرنگمانزانی ئاوڕی لێبدەینـەوە و جەخت بکەینە سـەر ڕەگـەزی چاوەڕواننەکراو لـە دروسـتکردن و تۆکمەکردنی ئەو پەیوەندیـەدا، هەروەهـا بە باشـمانزانی کە ئەو ڕاسـتییە بـە چەندین نموونە لە شـیعری مەولەی تاوگـۆزی پشتڕاسـت بکەینەوە، بەو پێیەی شـیعری مەولـەوی تەژییە لەو هونـەر و ڕەگەزانەی کە گاریگەرییەکـی بێوێنـە لەسـەر وەرگـر بەجێئەهێڵن، لـە نێویشـیاندا ڕەگـەزی چاوەڕواننەکراو، کە جێی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنی ئەم توێژینەوەیە.

کەواتە توێژینەوەکە مەبەستییەتی تیشک بخاتە سەر ڕۆڵی ڕەگەزی چاوەڕواننەکراو و کاریگەرییەکەی لەسەر وەرگر لەشیعری مەولەویدا، لەڕێی ئەو شێواز و هۆکارانەوە کە ئەم ئەرکە بەجێئەگەیەنن، وەک: وێنەی شیعری، دەقاوێزان، هونەری ڕەوانبێژی ، گەمەی زمان، دژیەک. ئەمەش لە دوو تەوەردا: تەوەری یەکەم لایەنی تیۆری ئەگرێتەوە، تەوەری دووەمیش لایەنی چێبەجێکردن وشیکاری.

وشە کلیلییەکان: چاوەڕواننەکراو، وەرگر، گاریگەری، دەقی شیعری، مەولەوی.

ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثي و اللقب): امید نجم الدين جميل المفتي
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٧٨
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): هەولێر
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆر
پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التي يعمل فيها): زانکۆی سەلاحەدین



## ڕێگاکانی بەدەستهێنانی ئیمان لای مەولاوی

پ. د. ئومێد نەجمەدین جەمیل موفتی
کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان / زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

### پوختە

حەزرەتی مەولەوی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، یەکێکە لە کەسایەتییە گەورەکانی زانستە عەقڵی و نەقڵییەکان و ئەوەی بە لێهاتوویی خۆی بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیویەتی، باشترین شایەتحاڵی ئەم پەیڤەی ئێمەیە، هەروەها شارەزایی لە زانستی لاهووت (کەلام) و گفتوگۆ فەلسەفی و عەقڵانییەکان و لق و وردبینییەکانی تری ئەم زانستەدا لای کەس شاراوە نییە. ئەم توێژینەوەیە هەڵوەستەکردنی لە دیوەخانی ئەم کەسە پایەبەرزە خستۆتە گەردنی خۆی و دەیەوێت لە سەرچاوەکانی زانستەکەیەوە گرنگترین پرس وەربگرێت، لەو پێودانگەوە دەستپێبکات و زانستەکانی تریش لق و پۆی ئەم زانستەن ، کە ئەویش... پرسی بەدەستهێنانی ئیمان و ڕێگاکانییەتی. ئیمان بەخشین و وەرگرتنی تێدا هاوبەشە، هەمووو ئەمەش بۆ نیعمەت و فەزڵی خودای گەورە دەگەڕێتەوە. پاشان چەندین ڕێگە هەیە بۆ ئەم دەستکەوتنە، کە حەزرەتی مەولەوی لە سێ ڕێگەدا کورتیکردۆتەوە، کە بریتین لە: ئاشکرابوون بۆ کەسانی تایبەت (پیاوانی خودا)، بەڵگەهێنانەوەی زانایان، لاساییکردنەوە لەلایەن خەڵکی ئاسایی و منداڵ. زۆر گرنگە لەم ڕێگایانە بکۆڵینەوە و قووڵ ببنەوە لە هەندێک لە وردەکارییەکانی هەر ڕێگایەک، کە حەزرەتی مەولەوی نارونی لە سەریان هەڵگرتووە و وردەکارییەکانی بۆ نزیک و دوور ڕوونی کردۆتەوە.

بابەتەکە وایخواستووە کە هەوڵەکە بۆ دوو تەوەرە دابەش بکەین، یەکەمیان سەبارەت بە ئیمانە لە نێوان بەخشین و بەدەستهێناندا و پێشکەشکردنی ئەوەی لەسەر بابەتەکە هەیە، کە بە ڕواڵەت پێویستی بە دژایەتی و کۆکردنەوە هەیە تێیدا، پاشان ڕوونکردنەوەی ڕێگە و خستنەڕوویان دێتە ئاراوە لە کن حەزرەتی مەولاوی.



**ناوی سیانی و نازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): بەدریە قەوامی**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٧**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات  (بلد الاقامة): کەنەدا**
**بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): پڕۆفیسۆری یاریدەدەر**
**پیشە (الوظیفة): توێژەر**
**شوێنی کار: (المؤسسة التی یعمل فیها)**

**Department of Leadership, Higher and Adult Education, Ontario Institute for Studies in Education, University of Toronto**

## شیکردنەوەی یەکگرتووی گوتار لە هۆنراوکانی مەولەی کورد بە پێی تێروانینی زمانەوانی کارەکی (function theories of grammar)


پ. ی. د. بەدریە قەوامی
مامۆستا لە بەشی زمان و ئەدەبی فارسی ، زانکۆی ئازادی ئیسلامی/ سنە – ئێران

### کورتە باس:

یەکگرتوویی و پەیوەندی واتای نێوان پێکهاتەکانی دەق بەهۆی هەمان پەیوەندییەوە واتای هەندێک پێکهاتەی دەق ئاشکراو بەردەست دەبێت. تێگەیشتن لەم پێکهاتانە بە بێ سەرنجدان لە پێکهاتەکانی پێش خۆیان نایەتەدی. پەیوەندی یەکگرتوویی واتایی لە سێ ڕێگەوە دێتە دی: ڕێزمانی، وشەیی و هۆکارەکانی پەیوەست بوون. لەم توێژینەوەدا بە شێوازی کتێبخانەیی و جۆری وەسفی بەسوودوەرگرتن لە بیردۆزی یەکگرتووی وتاری مایکل هالیدەی و حەسەن (١٩٨٥) بە شیکردنەوەی پێکەوەیی و یەکگرتوویی گوتار لە هۆنراوەکانی مەولەی دەکۆڵێتەوە، بەپێی ئەم بیردۆزە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەق هەبوونی یەکگرتووی گوتارە، بەڵام پەیبردن بە هۆکارەکانی یەکگرتووی گوتار لە دەقدا بەو واتایە نییە، کە دەق بەڕاستی یەکگرتوویی گوتاری هەیە، بەڵکو پاش دەستیشانکردنی ئەم هۆکارانە، دەستڕاگەشتن بە پێکەوەیی دەق بەپێی بنەمای هەماهەنگی یەکگرتووی گوتار پێویستە. بە پشت بەست بەم بیردۆزە دەتوانی ئاستی یەکگرتووی گوتار لەهەریەک لە هۆنراوەکانی مەولەی یاخود هەر دەقێکی ئەدەبی هەڵبسەنگێنیت.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە هەرسێ جۆرەکەی هۆکارە گشتییەکانی یەکگرتوویی دەق، جۆری وشەیی زۆرترین هۆکارە و لە هەریەک لە هۆکاری ڕیزمانی و هۆکاری پەیوەستبوون زیاتر بەکارهێنراوە.

کلیلە وشە: زمانەوانی کارەکی، یەکگرتووی گوتار، هەماهەنگی یەکگرتووی گوتار، هۆنراوەی کوردی، مەولەوی.



**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): جەماڵ ئەحمەدی کەریم**
**ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٣**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران**
**بڕوانامە (الشهادة): دوکتۆرا**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستای یاریدەدەر**
**پیشە (الوظیفة): ئەندامی زانستی زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە، بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەی کوردستانناسی زانکۆی سنە ئیسلامی ئازاد**
**شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە، ناوەندی توێژینەوەی کوردستان ناسی**


## کاریگەری ئەندێشە عیرفانییەکانی ئیبن عەرەبی لەسەر مەولەوی کورد

د. جمال ئەحمەدی
ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستانناسی، بەشی سنە، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سنە- ئێران.

**کورتەباس:**

ئیبن عەرەبی (٥٦٠-٦٣٨ کۆچی) یەکێکە لە زانایان و عارفە گەورەگانی سەدەی شەش و حەوتی کۆچی، لێکۆڵەران و ئیبن عەرەبی ناسان لەو باوەڕەدان هۆنراوە فیکرییەکانی ئەو یەکێکە لە دژوارترین و ئاڵۆزترین ئەندێشەکانی مرۆڤایەتی. بەدرێژایی ژیانی نوسراو و بەرهەمی زۆر و فراوانی نوسیوە، لەم ڕووەوە یەکێکە لە زانا و عاریفە موسڵمانەکان، کە زۆرترین بەرهەمی هەیە. دوو لەبەرهەمەکانی ئیبن عەرەبی) بریتین لە (فصوص الحکم) و (فتوحات المکیة). ئەندێشەکانی ئیبن عەرەبی کاریگەریی قوڵیان لەسەر زۆرێک لە عاریفانی دوای خۆی بەجێهێشتووە. ئەم کاریگەرییانە زۆر بەئاشکرا بەسەر زانایان و عاریفانی کوردەوە دەبینرێت. بۆ نمونە مەلا حامیدی کاتب، یەکێک لە زانایان و عارفانی سەدەی سیانزدەی کۆچی، کە ڕاڤەیەکی بۆ کتێبی مەثنەوی مەولانا نوسیوە، بەڕوونی ئەم کاریگەرییە دەبینین. بەپێی هەندێک ئاماژە و لەهەمان سەردەمدا بە خوێندنەوەیەک بۆ هۆنراوەکانی دەبینین مەولەویش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئیبن عەرەبییەوە، لەم توێژینەوەدا مەبەستمانە بە پێی شێوازی شیکاری ناوەڕۆک، بە سودوەرگرتن لە سەرچاوەی کتێبخانەیی، لە کاریگەری ئەندێشە عیرفانییەکانی ئیبن عەرەبی لەسەر مەولەوی بدوێین. ئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە مەولەوی کورد لە هەندێک لە هۆنراوەکانی بە ئاشکرا باس لە بابەتی یەکێتی بوون (وحدة الوجود) ئیبن عەرەبی دەکات وکاریگەری بابەتی تەجەللا لە ڕوانگەی ئەوەوە، تەنانەت هەندێکجار سودی لە هەمان نموونەی ئیبن عەرەبی وەرگرتووە بۆ چەسپاندنی بیردۆزی یەکێتی بوون (وحدة الوجود).

کلیلە وشە: ئیبن عەرەبی، تەجەللا، یەکێتی بوون، مەولەوی کورد.



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثي و اللقب): خەیروڵڵا ئاجار
ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٦٨
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): تورکیا
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پڕۆفیسۆر
پیشە (الوظيفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التى يعمل فيها): زانکۆی Mardin Artuklu

**کورتەی نیە**

**ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثي و اللقب): طارق یارئەحمەدي**
**ساڵی لە دایك بوون (تاريخ الميلاد): ١٩٨٧**
**شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): ئێران، تاران**
**بڕوانامە (الشهادة): ماستەر**
**پلەی زانستی (اللقب العلمي): مامۆستا**
**پیشە (الوظيفة): مامۆستای زمانی عەرەبی**
**شوێنی کار (المؤسسة التي يعمل فيها): قوتابخانەکانی تاران**



## ناساندنی چوار بەرهەمەدەستنووسی دەرنەخراوی مامۆستا مەولەوی لە کتێبخانەکانی ئێراندا

طارق یارئەحمەدی
مامۆستای زمانی عەرەبی و توێژەری بواری دەستنووس لە تاران

**پوختە:**

سەید عەبدولڕەحیم کوڕی سەید سەعید تاوگۆزی ناسراو بە مەولەوی، یەکێک لە دیارترین شاعیرانی کوردی سەدەی نۆزدەیەمی زایینییە. ئەم زاتە جگە لە هۆنینەوەی شیعر لە زانستەکانی دیکەدا دەستێکی باڵای هەبووە، بەرهەمە زانستیە ناوازەکانی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. دیارترین بەرهەمەکانی بریتین لە دیوانە شیعرەکەی و هەروەها کتێبی عەقیدەی مەرزییە لە زانستی کەلامدا. هەرچەند پێشتر بەرهەمە دەستنووسەکانی ئەم زانا گەورەیە لە کتێبخانەکانی ئێراندا ناسێندراوە؛ بەڵام لانیکەم چوار بەرهەمەدەستنووسی لەبەر هەندێ هۆکار، تا ئێستا بە نەناسراوی ماونەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بە شێوازێکی وەسفی. شیکاری تیشک بخەینە سەر ئەو چوار بەرهەمەدەستنووسەی مامۆستا مەولەوی و وێڕای ناساندنیان، زانیاری زیاتر لەسەر تایبەتمەندییەکانی هەرکامەیان بخەینەڕوو. بەشێک لە ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێک لەو چوار دەستنووسە لە ڕاستیدا دەستنووسێکی کتێبی عەقیدەی مەرزییەیە کە لە کتێبخانەی ئاستانەی مەعسوومییەی شاری قوم دەپارێزرێت کە لەبەر ئەوەی ناوی بەرهەم و دانەرەکەی هیچ مۆرکێکی عەقیدەی مەرزییە و مامۆستا مەولەوی پێوە نییە، هەر بۆیە تا ئێستا لە چاوی توێژەران دوور ماوەتەوە. سێ بەرهەمەدەستنووسەکەی تری هەرکامەو دەستنووسی بەشێک لە دیوانەکەی مەولەوین کە یەکەمیان لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە تاران، دووەمیان لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتی میراتی کەلتووری کوردستان لە شاری سنە و سێهەمیان لە کتێبخانەی ئایەتوڵڵا گوڵپایەگانی لە شاری قوم دەپارێزرێت.

کلیلەوشە: مەولەوی، مەولەوی کورد، سەید عەبدولڕەحیم تاوگۆزی، دیوانی مەولەوی،



ناوی سیانی ونازناو (الاسم الثلاثی و اللقب): مەهدی فاتیح عومەر
ساڵی لە دایك بوون (تاریخ المیلاد): ١٩٧٣
شوێنی نیشتەجێبوون - وڵات (بلد الاقامة): سلێمانی
بڕوانامە (الشهادة): دکتۆرا
پلەی زانستی (اللقب العلمي): پرۆفیسۆر
پیشە (الوظیفة): مامۆستای زانکۆ
شوێنی کار (المؤسسة التی یعمل فیها): زانکۆی سلێمانی

## مەستی بە هۆشیارییەکی قووڵەوە، توێژینەوەیەک دەربارەی چەمک و وشەگەلی وەک (جام، بادە، شەراب، مەی و ساقی...هتد) لە دیوانی مەولەویدا (توێژینەوەیەکی وەسفییە)

پ. د. مەهدی فاتیح عومەر
زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ژینگەییەکان/ شارباژێڕ- بەشی زانستی ژینگە

**پوختە:**

لـەم توێژینەوەیەدا سـەرنجی ئـەو جیهانە مەسـتییە تایبەتییەی مەولـەوی دەدەیـن، تایبەتێتی ئـەو جیهانەیش وای لێ کردین لەسـەر توێژینەوەکەمان ناونیشـانی (مەسـتی بە هۆشـیارییەکی قووڵـەوە) دابنێیـن. لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو جیهانـە مەسـتییەی مەولـەوی دەبینیـن، بەپێچەوانـەی ئـەو دیدە کۆنـەی پێی وایە مەسـتبوون بێئاگاییـە، بەڵکوو لای مەولەوی مەسـتی جۆرێکـە لـە بەئاگابـوون، بەڵام بەئاگابـوون بەرانبەر بەشـە تاریك و عاسـییەکانی جەسـتە و ڕۆح، ڕووناکردنـەوەی پانتاییـی تـر کـە لە سـاتی نامەسـتیدا بەو شـێوەیە ڕۆشـن نیین.

مەسـتبوونی عیرفانییانـە لای مەولـەوی چالاککردنـەوەی نەسـت و هێنانە پێشـەوەیەتی، نەسـت لەگـەڵ سیسـتم و جیهـان و بیرکردنـەوەی بـاودا ڕێـك نییـە، چەپانـدن و بیرکردنـەوەی داخـراو و حەرامەکانـی ئاییـن و یاسـا دیـار و نادیارەکانی سیسـتم، نەسـتیان کردوە بە شـوێنی شـاردنەوە و ناشـتنی ئەو ئایدیـا و بیرکردنەوە و ئـارەزوو و غەریزانەی لە ناو ئەو جیهان و سیسـتمەدا قەبووڵکراو یان ئاسـایی نیین و لە باشـترین حاڵەتدا ئاراییشتکردن و یاسـا و نەرمکردنەوە و خۆگۆڕینیان پێویستە بۆ ئـەوەی بە شـێوەیەکی بێ زیان جارجار بێنـە دەر. کە مەسـتبوونی عیرفانییانـە لای مەولەوی ئەم ڕووبەرە چالاك دەکات و ڕۆشـنایی دەخاتە سـەر، ئیتـر ڕەهەندی قووڵی ئەو ئاگاییەی لە مەسـتیدا هەیـە و دەبێتە لانکی پرسـیار و گومان بۆ سـەر سیسـتم و ژیان بەگشـتی.

مەسـتبوونی عیرفانییانە لای مەولەوی جۆرێکە لە هۆشـیاربوونەوە بەرانبەر ئەو ملکەچییەی مرۆڤی کردوەتـە کۆیلـەی هێزی بانسروشـتی و کەلتووری بـازاڕ، کە لە سـایەیدا ژیانی بووەتـە چەند فۆڕم و هیوایەت و خەونێکی سـادە و تەنها بۆ بەدەسـتهێنانی کۆمەڵێك پێداویسـتی و ئاییندەی سـاکار یان پاداشـتی ئـەو دونیا بژی، کە هەر خودی سـەرمایەداری کردوونیەتە پێداویسـتی و ژیانـی مرۆڤیان لە

UNIVERSITY OF SULAIMANI

1968

زانكۆی سلێمانی

WWW.MAWLAWI.KRD

# The First Scientific Conference of Mawlawinasi

On 112024/12/12- will be done

